ئیسلام و لاوان

( ٢ )

برای لاوم

چـــۆن

# بەرەنگاری ئارەزوو دەبیتەوە ؟

نووسینی : محمد عبد اللّه الدویش
وەرگێڕانی : فـــلاح حسن
پێداچونەوەی : م. عدنان بارام

www.ba8.org

چاپی دووەم
١٤٢٧ کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد (ﷺ) وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإخلاص وإحسان إلى يوم الدين...

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بوو کە بۆ جاری یەکەم چاپی عەرەبی ئەم نامیلکەیەم دەست کەوت ، کە ئەویش دیاری برایەك بوو ، دوای خوێندنەوەیەکی ووردی نامیلکەکە درکم بەو ڕاستی یە کرد کە سەرەڕای بچوکی قەبارەو کەمی پەڕەکانی : کۆکەرەوەی گەلێك لە گرفتە هەنوکەییەکانی گەنجی موسڵمانەو ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە نوسەر لە نزیکەوە ئاگاداری باری دەروونی لاوانە ، هەر بۆیە شارەزایانە (لێزانانە) باس لە گرفتەکانی گەنجی موسڵمان دەکات و هۆکارو نیشانەکان دیاری دەکات و دواتریش ژیرانە چارەسەری گونجاویان بۆ دادەنێت ، هەموو ئەمانەش گرنگی ئەم نامیلکەیەیان بۆ دەرخستم و بە پێویستم زانی کە وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی بەو هیوایەی لاوانمان بتوانن سوودی لێ وەربگرن و بەشێك لە گرفتەکانیانی پێ چارەسەر بکەن ، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە هەست کردنە بە پلانی دوژمنانی ئیسلام بۆ لە خشتە بردنی گەنجەکانمان و دوور خستنەوەیان لە هەموو بەهاو ڕەووشتە ئیسلامی یەکان و سەرقاڵ کردنیان بە شتی بێ سوود و بێ بەهاو وێڵ کردنیان بە دوای حەزو ئارەزووە خراپەکانیان ، بەجۆرێك کە دەبینین لاوان مەستی مۆدێلەکان بوونە هەر ڕۆژەو خەریکی لاسایی کردنەوەی (گۆرانی بێژێگ ، ئەکتەرێك ، یاریچیەك...) ن.

خوای گەورە هەمووومان لە پلانی دوژمنان بپارێزێت و بمانگێڕێتەوە سەر ڕێبازە ڕاستەکەی خۆی ، وە داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم کارە ساکارەم لێ وەربگرێت و بیکاتە توێشووی ڕۆژی دوایی ، وە داواشم لە ئێوەی خوێنەر ئەوەیە کە براتان لە دوعای چاکە بێ بەش مەکەن . خوای بەبەزەیی بەردەوامی بە ئێمەو ئێوەش ببەخشێت .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

وەرگێڕ : فلاح حسن

١٠ / ربيع الثاني /١٤٢٧ هـ

کەلار

بسم الله الرحمن الرحيم

**لە نوسەری ئەم چەند دێرەوە بۆ :**

**هەموو** لاوێك كە لە تەمەنی پێگەیشتن و ئازارەكانیدا دەژی .

**هەموو** لاوێكی چاك كە هەوڵی پاك ڕاگرتنی خۆی دەدات و هەست بە ترسناكی ئارەزووەكان دەكات .

**هەموو** لاوێك كە جڵەوی ئارەزووەكانی خۆی بەرەڵاكردووە و بەدوای دەرچوون دەگەڕێت .

**هەموو** لاوێكی بێ ئاگا كە هێشتا لە خەوی غەفڵەت بەخەبەر نەهاتووە.

**هەموو** باوك و دایكێك كە هەست بە بەرپرسیارێتی پەروەردەكردنی ڕۆڵەكانیان دەكەن .

**هەموو** باوك و دایكێكی بێ ئاگا لە هەموو ئەو ختورانەی كە لە مێشك و دڵی ڕۆڵەكانیاندایە .

**هەموو** بەخێوكار و مامۆستایەك كە ژیانی ئەمڕۆی لاوی ئوممەتی ئیسلامیان بەلاوە گرنگە :

**السلام عليكم ورحمە الله و بركاتە** ...

شوكر و ستایشی خوای پەروەردگار دەكەم ، چونكە تەنها ئەو شایستەی شوكرە نەك جگە لەو ، و ستایشیشی دەكەم چونكە جگە لەو كەس شایستەی ستایش كردن نی‌یە .

ئەم نامیلكەیەی كە لە بەردەستاندایە بریتیە لە چەند بیرەوەریەك كە برای خۆتان نوسیویەتی ، كە هەمان ئەو ڕۆژانەی ئێوەی بینیوە ، و هەستی بەو زۆرانبازیەی ئێوە كردوە لە گەڵ ئارەزوو [١] و فێڵ و تەڵەكەكانی شەیتان ، وە لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی كاركردنی لە بواری پەروەردەكردندا ئەوەی بۆ ڕەخساوە كە چاوی بكەوێت بە چەندین لاوی وەك ئێوە و دركی بە هەندێك لە گرفتەكانیان كردووە ، و ئەوەش كە لە ناخ و مێشكیاندا هەیە .

ئەم برایەتان ـ هەروەك ئێوە وایە ـ بارو دۆخ و ژیانی ئەمڕۆی ئومەتی ئسلام بەگشتی و لاوانی بەتایبەتی تووشی ئێش و ئازاری كردووە ، ئیوەی لاو بەشێكن لەو شتانەی كە گرنگی پێدەدات ، هەستی بەبەرپرسیاریەتی یارمەتی دانتان كردوە .

بۆیە حەزی كردووە لەم چەند پەڕە كەمەدا بیرەوەریەكتان بۆ بنووسێ بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە ئێوەی لاو پێوەی گیرۆدە بوون .

وە داواكارە لە ئێوە لە دوای خوێندنی ئەم نامیلكەیە ، كەم و كوڕیەكانی داپۆشن و لە پشتە ملەوە دوعای چاكی بۆ بكەن ، بەوەی كە خوای گەورە نیاز پاكی و ئیخلاصی پێ ببەخشێ لە گوفتار و كرداردا ، و بەرەكەت بخاتە نوسینەكەو پاداشتی بداتەوە لە ڕۆژی دوایدا .

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .**

**براتان : محمد بن عبد الله الدويش**
**رياض**
**١٠ / ٩ / ١٤١١ هـ**

---

[١] ووشەی ئارەزو **"شهوة "**هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە مەیل و ویستی خەلك ڕادەكێشن وەك ( مال ، دەسەلات ، و... هتد ) ، بەلام لێرەدا زیاتر مەبەست پێی ئارەزووە جنسیەكانە .

## چۆن بەهەشت بۆ خۆت مسۆگر دەكەى ؟

**براى لاوم** : تۆ كاتێك خۆت لە شتە قەدەغەكراوەكان دەگريتەوە و ئەندامەكانى لەشت لە كردەوەى خراپ دەپارێزيت ، ئەوا ووتەى پێغەمبەرى خوات ﷺ لە سەر پەيرەو دەبێت* كە تۆ شايستەى بەهشتيت و ئەو جێگەيەت مسۆگرە .

**لێرەدا ئەوەت لێ دەپرسم :** ئايا تۆ جگە لە بەدەست هێنانى بەهەشت هيچ داواكاريەكى گەورەترت هەيە ؟

**نەك هەر لە تۆ بەڵكو دەپرسم :**

**لەو زانايەى** كە هەموو كاتەكانى بە فێربوون و فێركردنى زانستى شەرعى دەباتە سەر .

**لەو بەندە لە خواترسەى** كە بەردەوام خەريكى خواپەرستيە .

**لەو تێكۆشەرەى** كە هەرزانترين شت لە لاى نەفسێتى كە بە پەروەردگارى دەفرۆشێت .

**لەو كەسەى** كە نەفسى خۆى بەخت دەكات لە پێناوى سەرخستنى ڕەوا و لە ناودانى ناڕەوادا .

**لەو بانگەوازكارەى** كە شەونخونى شەوان و ناڕەحتى ڕۆژ دەدات بە دەم يەكەوە و خەريكى بانگەواز كردنى خەڵكە بۆ سەر ڕێبازى خواى پەروەردگار و پێغەمبەرەكەى ﷺ .

**لە هەموو ئەوانە دەپرسم :** ئێوە ئەو كارەتان لەپێناو چيە ؟

بێگومان هەموو يەك وەڵاميان هەيە ئەويش : بەهەشتمان دەوێ ، بەڕاستى ئەمەيە وويست و ئامانجى كەسانى خواوويست ، هەرچەندە ڕيگەكانيان جياواز بێت ، بۆيە براى خۆشەويستم سوربە لە پاراستنى ئەندامەكانى لەشت لە قەدەغەكراوەكان بۆ ئەوەى شايانى ئەو پەيمانەى پێغەمبەر ﷺ بيت كە فەرموويەتى : **من يضمن لي ما بين لحييه وما بين رجليه ، أضمن له الجنة**"[٢].

واتە : كێ ئەوەى كە لە نێوان لێوەكانيدايە - واتە : زمانى - ، و ئەوەى كە لە نێوان ڕانەكانيدايە - عەورەتى - بۆم بپارێزێت لە تاوان ، ئەوا من بەهەشتى بۆ مسۆگر دەكەم .

## يەكەم : ترسناكى يەكانى شوێنكەوتنى ئارەزوو :

**( ١ ) ئايا بەرگەى ئەوە دەگريت ؟**

﴿ والذين لا يدعون مع الله إلها آخر ولا يقتلون النفس التي حرم الله إلا بالحق ولا يزنون ومن يفعل ذلك يلق أثاما يضاعف له العذاب يوم القيامة ويخلد فيه مهانا ﴾ ( سورة الفرقان : ٦٨ - ٦٩ ) .

واتە: ئەوانەى كە هيچ هاوەڵ و شەريكێك بۆ خواى پەروەردگار ئەنجام نادەن لە پەرستشەكانياندا ، و كەسێكيش ناكوژن كە خواى پەروەردگار كوشتنى قەدەغە ، و حەرام كردبێت ، ئيللا بە پێى ئەحكامەكانى خواى پەروەردگار نەبێت كە كوشتنى حەڵاڵ كردبێت ، و داوێن پيسى و زينا ناكەن ، چونكە هەركەسێك ئەوانە ئەنجام بدات ئەوا تووشى تاوان بووە ، و لە ڕۆژى دواييشدا سزاكەى بۆ چەند جار دەكرێتەوە ، و بەبێ ڕێزى تيايدا دەمێنێتەوە .

**ئايا بەرگەى ئەوە دەگريت ؟!**

---

* **مەبەست لێرەدا ئەم فەرموودەيە :** "من يضمن لي ما بين لحييه وما بين رجليه ، أضمن له الجنة" .

[٢] البخاري برقم : ( ٦٤٧٤ ) ، والترمذي برقم : ( ٢٤١٠ ) .

لە جابرى كورِى جوندوبەوە رضي الله عنه لە پێغمبەرى خواوە ﷺ بۆمان دەگێرِێتەوە كە فەرموويەتى : "رأيت الليلة رجلين أتياني ، فأخرجاني إلى أرض مقدسة ... فانطلقنا إلى ثقب مثل التنور ، فإذا فيه لغط وأصوات ، قال : فاطلعنا فيه فإذا فيه رجال ونساء عراة ، وإذا هم يأتيهم لهب من أسفل منهم ، فإذا أتاهم ذلك اللهب ضوضوا" ... فسأل عنهم ... فقيل : "الزناة والزواني" رواه البخاري [٣].

واتە: ئەم شەو لە خەومدا دوو پياو هاتنە لام و بردميان بۆ زەويەكى پيرۆز ... و رِۆشتين تاكو گەشتينە كونێك هەر وەكو تەنوور وابوو ، بينيم هات و هاوار و دەنگە دەنگێكى لێوە دێت ، فەرمووى : كە رِوانيمانە تەنوورەكە بينيمان پياوان و ئافرەتانێكى رِووتى تێدايە ، بينيمان بڵێسەى ئاگر لە ژێريانەوە دێت ، كە ئەو ئاگرەيان لێ نزيك دەبێتەوە دەست دەكەن بە هاوار ، پرسيارم كرد ئەوانە كێن ؟ ووتيان : ئەوانە ئافرەتان و پياوانى زيناكار و داوێن پيسانن .

ئەمە بەشێكە لەو ئازارەى كە زيناكاران ( **داوێن پيسان** ) توشى دەبن لە لايەن خواى گەورە ، و ئەو كەسەش كە كردارى گەلى ( **لوط** ) ئەنجام بدات ئەوە بەلايەنى كەمەوە وەك ئەوانە ئەگەر خراپتر نەبێت لێيان ، **ئايا بەرگەى ئەوە دەگريت ؟!** وە ئايا خۆت توشى ئەو ئازارە دەكەى ؟! لە وەلامدا نەڵێى : من هێشتا بەو تاوانانە نەگەشتووم !! وە نەم كردوون !! باش بزانە كە پێشەكيەكان وەك : ( **سەيركردن ، دەست پێوەدان ، و** ..... ) يەكەم پێهەڵنانە بو رِێگەى ئەو تاوانە گەورەيە .

**( ٢ ) پێ هەڵنانێك بەرەو رِێگەى لەناوچوون :**

**براى لاوم** : ئايا نازانى دوژمنە گەورەكەت كە ( **شيطان** )ە لە بەر دەستى خواى بڵند و پايەبەرزدا سوێندى خواردووە كە بەردەوام هەوڵى بۆ گومرِاكردنى تۆ بێت ، بە هەر رِێگايەك كە بۆى رِێك كەوى هەروەركو خواى پەروەردگار بۆمان دەگێرِێتەوە كە ووتويەتى : ﴿ قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ ﴾ ( سورة الأعراف : ١٦ ـ ١٧ ) .

واتە : شەيتان دەڵێت ئەى پەروەردگار لە بەر ئەوەى كە گومراتكردم ، ئەبێت سەرەرِێگەى رِاستى تۆ لە بەندەكانت بگرم و هەوڵى لادانيان لە گەڵدا بدەم و گومرِايان بكەم ، لە پێشيانەوە بێت يان لە پاشەوە ، يان لە لاى رِاستيانەوە بێت يان لە لاى چەپيانەوە بۆيان دەرِۆم ، و نابينيت زۆربەيان شوكرانە بژێرى نيعمەتەكانى تۆ بن .

بە هەموو شێوەيەك ئەو خەريكى گومرِاكردن گەنج و لە خشتە بردنێتى ، وە باش دەزانێ كاتێك كە بەندەكانى خواى پەروەردگار تووشى تاوانێك دەكات هەرچەندە بچوكيش بێت ، ئەوا هەنگاوێكى برِيوە و خول و هەنگاوەكەى دواترى ئاسانتر دەبێت .

خواى گەورە باسى ئەوانەمان بۆ دەكات كە لە جەنگى (**أُحُد**) دا پشتيان هەڵكرد ، و چۆن تووشى ئەم تاوانە گەورەيە بوون كە يەكێكە لە تاوانە لە ناوبەرەكان ( **الموبقات** ) ، ئەوەش بەهۆى هەندێك لە تاوانەكانيانەوە بوو سەرەرِاى ئەوەى كە خواى پەروەردگار لە گوناهيان خۆش بووبوو ، خواى گەورە دەفەرمووێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ ( سورة آل عمران : ١٥٥ ) .

واتە : ئەوانەتان كە لە كاتى رِوو بە رِوو بوونەوەى كۆمەڵى برِواداران ، و بێباوەرِان هەڵاتن و پشتيان كرد لە دوژمن ، شەيتان بوو تووشى ئەوەى كردن بە هۆى هەندێك لەو تاوانانەى كە كردبوويان ، بەڵام خواى پەروەردگار لێى خۆشبوون ، و بێگومانيش خواى پەروەردگار لێبووردە ، و حەليمە .

---

[٣] البخاري برقم : ( ٣٨٦ ) .

شەیتان هەموو ڕێگەیەك دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی تۆ تووشی تاوانی بچوك بكات ، دواتر وورده وورده دەتگەیەنێت بە تاوانی گەورتر ، پاش ئەوەش پێت دەڵێت : **تۆ تازە دونیا و دوا ڕۆژیشت لە دەست داوە !! بۆیە بە ئارەزووی خۆت چێژ لە خۆشییەکان وەربگرە !** و خۆت لە قوڕ و چڵپاوەكە بنێ ، بەمەش ڕێگای گەڕانەوەت لێ دەبڕێ و بێ هیوات دەكات .

**( ٣ ) ئاگاداری ئاخرشەڕی بە ( سوء الخاتمة ) :**

جێگیر و سەلمێنراوە لە هەردوو ( **صحيح** )ی پێشەوا (**البخاري**) و ( **مسلم** ) دا ، و لە ( **عبدالله** ) ی كوڕی ( **مسعود** ) وە ﷺ لە فەرموودەیەكی دا بۆمان دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **فوالذي نفسي بيده ، إن الرجل ليعمل بعمل أهل الجنة ، حتى ما يبقى بينه وبينها إلا ذراع ، فيسبق عليه الكتاب ، فيعمل بعمل أهل النار فيدخلها** " [٤].

واتە : سوێند بێت بەو كەسەی كە نەفسی منی بە دەستە ، كەسی وا هەیە كردەوەی بەهەشتیان دەكات ، تا ئەوەندە باڵێكی دەمێنێتەوە بۆ ڕۆشتنە بەهەشت ، كەچی هەڵدەگەڕێتەوە ، و كردەوەی ئەهلی دۆزەخ دەكات ، و دەڕواتە دۆزەخەوە .

بۆیە دەبینن پێشینە پیاو چاكان چۆن لە ئاخر شەڕی ترساون .

ڕۆژێكیان ( **سفيان الثوري** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ شەوێك تاكو ڕۆژ بووەوە هەر دەگریا ، پاشان پێی ووترا : ئایا ئەم گریانەت لەبەر تاوانەكانتە ؟ ئەویش پوشكەیەكی ( **تبنة** ) لەسەر زەوی هەڵگرت فەرمووی : " **الذنوب أهون من هذه ، إنما أبكي خوف الخاتمة** " .

واتە : تاوانەكان لەم پوشكەیە سوكترن ، بەڵكو من لەترسی ئاخرشەڕیدا دەگریم .

**برای لاوم** : ئایا تۆ دەزانی ڕاهاتن لەسەر تاوان و زاڵبوونی بەسەر دڵدا یەكێكە لە گەورەترین هۆیەكانی ئاخرشەڕی (**سوء الخاتمة**) ؟ وەهیچ كەسێكیش نی یە ئیللا لە ناخیدا غەمێك هەیە دەیسوڕێنێ و دەست بەسەر هەستەكانیدا دەگرێت .

دەبینی یەكێك پەرۆشی گەورە و بچوكی پارەو پووڵە ، و ئەوی تر پەرۆشی ئارەزووەكان و ڕابواردنە دەروونیەكانە و ... هتد ، بەڵام ئەمەی تریان تەنها پەرۆشی ڕۆژی دوایی ، و ئەگەر بیر لە ژیانی دونیاش بكاتەوە ئەوا بیر لە لاوازی و نەهامەتی موسوڵمانان و كەم تەرخەمی خۆی و زۆری تاوانەكانی دەكاتەوە.

دەگێڕنەوە كە پیاوێك عاشقی گەنجێك بوو وە تەنگی پێهەڵچنی بوو ، خۆشەویستی كوڕەكە تەواو لە دڵیدا چەسپابوو ، تا وای لێ هات پیاوەكە بەهۆیەوە نەخۆش كەوت كەوتە سەر جێگە ، گەنجەكەش خۆی لێ بە دوور دەگرت و ڕای دەكرد لە دەستی ئەو پیاوە ، و خەڵكیش زۆریان لە گەنجەكە كرد كە ئەگەر تەنها بۆ جارێكیش بێت سەردانی پیاوەكە بكات ، ناچار گەنجەكە بەڵێنی دا كە سەردانێكی بكات ، ئەمە بە پیاوەكە ڕاگەیێنرا ، كابراش كە ئەمەی بیست زۆر دڵی پێ خۆش بوو ، و پەرۆشی و غەمەكانی لە بیر چووەوە ، بەردەوام چاوەڕوانی كاتی دیاری كراوی هاتنی گەنجەكەی دەكرد ، لەم كات و بارەدا بوو یەكێك لەو كەسانەی كە هەوڵی قایلكردنی گەنجەكەی دەدا ، هات و پێی ووت : گەنجەكە تا نیوەی ڕێ لە گەڵیدا هاتووە ، كەچی دواتر گەڕاوەتەوە ، كابرای چارە ڕەشیش كە ئەمەی بیست شتێك لە دەستی بوو كەوتە سەر زەوی ، لە جاری جاران خراپتری لێ هات ، و نیشانەی مردنی تیا دەركەوت و تا وای لێ هات لەسەرەمەرگ و دواساتەكانی ژیانیدا دەیوت :

**أسلم يا راحة البال العليل ویا شفاء المدنف النحيل**

---

[٤] البخاري برقم : (٣٢٠٨) ، ومسلم برقم : (٢٦٤٣) ، وأبو داود برقم : (٤٧٠٨) ، والترمذي برقم : (٢١٣٨) .

**رضـاك أشهى إلى فؤادي  مـن رحمة الخالق الجليل**

پێیان ووت : فلاَن كەس لە خوا بترسە ، ئەویش ووتی : ئەوە پێشتر بوو ، زۆر دوور نەكەوتەوە ئەوەندەی كە گەشتە بەردەگاكەی گوێی لە هات و هاواری كەسووكاری بوو بۆی دەگریان .

یەكیكی تریش لەلای ماڵی خۆی دا وەستابوو ، لەو كاتەدا كەنیزەكێك بەلای دا تێپەڕ بوو و زۆر سەرنجی ڕاكێشا ، و لە كابرای پرسی : كامەیە ڕێگای گەرماوی ( **منجاب** ) ؟ ئەویش بەنیازێكی خراپەوە پێی ووت : ئەمە گەرماوی ( **منجاب** )ە - مەبەستی ماڵەكەی خۆی بوو - كەنیزەكەكەش چووە ژورەوە و كابراش بەدوایدا ، دواتر كە كەنیزەكە بەنیازی كابرای زانی و خۆشحاڵی پیشان دا و پێی ووت : باشتر وایە كە شتێكمان هەبێت كەش و هەواكەمان زیاتر خۆش بكات و دڵمان پێی خۆش بێت - مەبەستی پێی خواردن و خواردنەوە بوو - ئەویش پەرۆشانە ماڵی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی دەرگاكەی لە سەر داخات ، و هەموو ئەوەی كە پێویست بوو هێنای ، كە گەڕایەوە ماڵەوە بینی كەنیزەكەكە ماڵی بەجێ هێشتووە و دەرباز بووە ، كابراش تووشی غەم و پەژارەیەكی زۆر بوو ، و بەردەوام لە یادكردنیدا بوو ، و بەڕێگاو باندا دەهات و دەڕۆیشت و دەیووت :

**یا رب قائلة یوما و قد تعبت  كیف الطریق إلى حمام منجاب**

لە یەكێك لەو ڕۆژانەی كە ئەم ووتەی دووبارە دەكردەوە ، كەنیزەكێكی تر لە تاقی ماڵێكەوە پێی ووت :

**هلاّ جعلت سریعا إذ ظفرت بها**

**حرزا على الدار أو قُفلا على الباب**

كابراش بەمە زیاتر توشی ئێش و ئازار دەبوو ، تاوەكو گەشتە سەرە مەرگ ، و لەسەرە مەرگ دا دواووتەی لە دونیا ئەو دێڕە شیعرە بوو ، و نەیتوانەی شایەتمان بێنێت [٥] .

بینیت برای خۆم : خوا بتپارێزێت ، هەواو ئارەزوو چی بەسەر خاوەنەكەی دێنێت ؟! بۆیە وریابە لەو چارەنوسە ڕەشە.

**( ٤ ) كام لەم دوو خۆشەویستییەت دەوێت ؟**

باش بزانە دڵی بەندە وەك دەفرێك وایە ، و ئەم دەفرەش بەتاڵ نیە لە خۆشەویستێك كە دڵ ئومێد و ترسی لە دەست دانی هەیە ، و ئەوەش بزانە كە دووشتی دژیەك هەرگیز كۆنابنەوە ، بۆیە ئەگەر دڵت بە خۆش ویستنی هەواو ئارەزووەكان پڕ بوو ، ئایا وادەزانی كە شوێنێكی تر دەمێنێتەوە بۆخۆشەیستی خوای پەروەردگار و ئەوەی كە خوا پێی خۆشە ؟

ڕێگای ڕاست یەك ڕێگایە ، بۆیە چارەنوسی خۆت دیاری بكە و یەكێك لەو ڕێگایانە بۆخۆت هەڵبژێرە ، و من لێرەدا پێت ئەڵێم : كە ئەگەر خۆشەویستی خوا و چێژی ئیمانت وویست و هەڵبژارد ئەوە دڵنیابە كە هەرگیز بەدەستی ناهێنیت تاكو دڵت بە تەواوی پاك نەكەیتەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە مایەی تووڕە بوونی ئەوە ، وەئەوەش بزانە كە ئەگەر دڵت بە غەیری خواوە پەیوەست بكەی ، چۆن دەتوانی چێژ لە باوەڕەكەت شیرینی كردەوە چاكەكانت وەربگریت ؟

ئێستا لێت دەپرسم : تۆ لە كام كۆمەڵەی ؟ هەر لە ئێستاوە جێگەی خۆت دیاری بكەو لەوەش دڵنیابە كە ئەو شتەی لە ژیاندا خەمت بۆ دەخوارد و بە پەرۆشەوە بوی بۆی ، هەر ئەوەت دێتەپێش لە سەرەمەرگدا .

**( ٥ ) ئایا هیچت نەبیستوە دەربارەی نەخۆشیە جنسیەكان ( الامراض الجنسیة ) ؟**

---

[٥] بڕوانە : پەرتۆكی ( **العاقبة** ) لاپەڕەی : ١٧١ و پاش ئەوە .

بەڕاستی سوننەتی خوای پەروەردگار وایە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن لە دونیادا توشی سزایان دەکات پێش ڕۆژی دوای ، وە ئەم جۆرە تاوانەش کە داوێن پیسی یە ( زینا ) سزایەکی تایبەتی خۆی هەیە .

هەروەك ( **عبدالله** ) ی کوڕی ( **عمرو** ) ی کوڕی ( **عاص** ) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرمویەتی : **" يا معشر المهاجرين خصال خمس إذا ابتليتم بهن وأعوذ بالله أن تدركوهن : لم تظهر الفاحشة في قوم قط حتى يعلنوا بها إلا فشا فيهم الطاعون والأوجاع التي لم تكن مضت في أسلافهم الذين مضوا ، ولم ينقصوا المكيال والميزان إلا أخذوا بالسنين وشدة المئونة وجور السلطان عليهم ، ولم يمنعوا زكاة أموالهم إلا منعوا القطر من السماء ولولا البهائم لم يمطروا ، ولم ينقضوا عهد الله وعهد رسوله إلا سلط الله عليهم عدوا من غيرهم ، فأخذوا بعض ما في أيديهم ، وما لم تحكم أئمتهم بكتاب الله ويتخيروا فيما أنزل الله إلا جعل الله بأسهم بينهم "** [٦].

واتە : ئەی کۆمەڵی کۆچەران پێنج ئەدگار و سیفەت هەن ، ئاکام و ئەنجامەکانیان زۆر خراپن ، پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگار لە وەی کە تووشی بن :

**یەکەمیان** : داوین پیسی و زینا لە هیچ گەلْ و نەتەوەیەکدا دەرنەکەوتووە تاکو گەشتۆتە ئەوەی کە ئاشکرا بکرێت ، ئیللا نەخۆشی ( **طاعون** ) ، و پەتا ، و دەرد و بەڵایان تێدا بڵاو بووەتەوە ، بە شێوەیەك کە لە پێشینیاندا نە بوو بێت.

**دووەمیان** : وە هیچ گەلْ و نەتەوەیەك فێڵ و تەڵەکە و خیانەتیان لە کێش و پێوانەدا نەکردووە ، ئیللا خوای پەروەردگار قات قڕی و گرانی ، و ستەمی کاربەدەستانی تووشکردوون .

**سێیەمیان** : وە هیچ گەلْ و نەتەوەیەك زەکاتی ماڵ و سامانیانیان قەدەغە نەکردووە ئیللا خوای پەروەردگار بارانی ئاسمانی لێ گرتوونەتەوە ، وە ئەگەر لە بەر ئاژەڵ نەبایە ئەوا هەرگیز بارانی بۆ نەدەباراندن .

**چوارەمیان** : وە هەر گەلْ و نەتەوەیەك ئەو پەیمانەیان شکاندبێت کە بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی دایان بوو ، ئیللا خوای پەروەردگار دوژمنێکی لە غەیری خۆیان زاڵکردووە بە سەریاندا ، ئەو دوژمنانەش سەروەت و سامانەکانیان بۆ خۆیان بردووە .

**پێنجەمیان** : وە هەر کاتێك پێشەوا و سەرکردەکانیان بە پەرتۆکی پەروەردگاریان حوکمیان نەکرد بێت ، بەڵکو بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژاردەیان لێکرد بێت ، ئیللا خوای پەروەردگار شەڕ و ئاژاوەی خستۆتە نێوانیانەوە .

ئایا هیچت بیستوە دەربارەی نەخۆشی (**الزهري**) [٧] ، یان (**السيلان** )[٨] ؟ لە سەر ژمێرییەکی ساڵی (**١٩٧٧ ز**) ژمارەی توش بوان بە نەخۆشی (**الزهري**) لە هەر ساڵێکدا گەیشتوەتە (**٥٠ مليون**) ، وە توش بوانی نەخۆشی ( **السيلان** ) ساڵانە دەگاتە پێنج ئەوەندە ، واتە ( **٢٥٠ مليون** ) وە لە ساڵی ( **١٩٨١ ز** ) ژمارەی توش بوانی نەخۆشیەکی تر کە ئەویش ( **الهربس التناسلي** ) [٩] یە کە تەنها لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا گەیشتوەتە ( **٢٠ مليون** ) .

وە لەم دواییەدا خوای گەورە ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن توش کردوون بە نەخۆشی ( **الإيدز** ) [١٠] کە بڵاو بووەتەوە و بەردەوامیشە لە بڵاوبوونەوە بەشێوەیەکی ترسناك ( زیاد بوونێکی ڕێژەی ١ ـ ٣ ـ ٩ ـ ٢٧ ـ ٨١ .... ) کە لە

---

[٦] رواه ابن ماجه ( ٤٠١٩ ) ، وقال في الزوائد : هذا حديث صالح للعمل به ، و حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة برقم : ( ١٠٦ ) ، و في صحيح سنن ابن ماجه برقم : ( ٤٠١٩ ) .

[٧] نەخۆشیەکە بە هۆی زینا و داوێن پیسیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت

[٨] بەهەمان شێوە نەخۆشیەکە بە هۆی زینا و داوێن پیسیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت .

[٩] ئەم نەخۆشیە بە هۆی زینا و داوێن پیسیەوە تووشی ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ دەبێت .

[١٠] واتە نەمان و لە ناوچوونی بەرگری لەش ، ئەمەشیان نەخۆشیەکە هەر بە هۆی زینا و داوێن پیسیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت.

ساڵی ( **١٩٨١ ز** ) ژمارەی توش بوانی تەنها لە ئەمریکا گەیشتە ( **٢٥٢** ) ، وە لە ساڵی ( **١٩٨٣ ز** ) گەیشتە ( **٢٦٤٣** ) ، وە لە ( **٣٠ ـ ٦ ـ ١٩٨٥ ز** ) گەیشتە ( **١٢٠٦٧** ) وە لە ( **٣ ـ ٢ ـ ١٩٨٦** ز ) گەیشتە ( **١٧٠٠١** ) ، ئەوەش بزانە کە ( **٧٣ ٪** ) ی توش بوانی ئەم نەخۆشیە ( **الإيدز** ) لە وانەن کە کردەوەی گەلی ( **لوط** ) دەکەن .

وە ئەمەش یەکێکە لە توش بوانی ئەم نەخۆشیە ، کە ئەکتەرێکی سینەمای ئەمریکیە بە ناوی ( رۆك هدسون ) کە لە سەر جێگای مردن دەڵێت : (( من چاوەڕوانی قەدەرم کە لە دەرگام بدات وە لە ناخمەوە گوێم لێیەتی ، من نەم دەویست بەو شێوەیە ئازار بدرێم ، و لە ڕێگای ئەم نەخۆشیەشەوە کە بە شێر پەنجەی ئەم سەردەمە دادەنرێت ، وە سەرەڕای بزەی خەڵکانێکی زۆر بۆم و پیرۆزبای لێ کردنم بە هیوای چاك بوونەوە ، بەڵام من هەر چاوەڕوانی قەدەرم کە لە دەرگام بدات بۆ دواساتەکانی ژیانم )) [١١] .

**( ٦ ) سزا لە هەمان جۆر و ڕەگەزی کردوەیە ( الجزاء من جنس العمل ) :**

ئەمە ڕێسایەکی شەرعی و سوننەتێکی نەگۆڕی خوای پەروەردگارە لە گەردوونەکەیدا ، **براى لاوم** : ئایا تۆ پێت وایە کە ئەو کەسەی بە شێوەیەکی ڕەها و بە بێ گوێ ڕایەڵی دان بە هیچ سنورێك بۆ جڵەوی ئارەزوەکانی بەربدات ، هەروا بە ئاسانی لە سزای خوای گەورە پارێزرا و بێت ؟ نەخێر کەمترین بەشی سزای ئەوەیە کە بەر ئەم ڕێسایە بکەوێت ، گوێ بگرە بۆ پێشەوا ( **شافعي** ) ـ بە ڕحمەت بێت ـ چی دەڵێت :

**عفّوا تعف نساؤكم في المحرم      وتجنبوا ما لا يليق بمسلم**
**إن الزنا دين إذا أقرضته      كان الوفاء من أهل بيتك فاعلم**
**من يزن يزنَ به ولو بجداره      إن كنت يا هذا لبيباً فافهم**

واتە : خۆتان پاك ڕاگرن و بپارێزن ، لە ئاکامدا ئافرەتەکانتان لە جێگە و شوێنی خۆیان پارێزراو دەبن ، و دوریش بکەونەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە لایق و شایستەی موسڵمان نین ، ئەوەش بزانن کە داوێن پیسی و زینا قەرزێکە ئەگەر ئەنجامتان دا ، دانەوەی ئەو قەرزە لە ئەهل و بەیت و کەس و کارتان دەبێت ، ئەو کەسەی کە داوێن پیسی و زینا بکات ، داوێن پیسی و زینای لە گەڵدا دەکرێت ، ئەگەر بە دیواری خانوەکەشی بێت ، جا ئەگەر تۆ دانا بیت تێدەگەیت .

بۆیە **براى لاوم** : ئەوەی کە دەست درێژی بکاتە سەر شەرەف و ناموسی خەڵکی تر بە دووری مەزانە کە خەڵکێکی تر دەست درێژی بکانە سەر شەرەفی کچ و خوشکی ئەو ، وە ئەوەی سنورەکانی خوای پەروەردگار نە پارێزێت ، دوور نیە خێزانەکەی خیانەتی لێ بکات ، خوای گەورە من و تۆش لە هەموو خراپەیەك .

بۆیە **براى لاوم** : ئابڕوی خۆت بپارێزە بە پاراستنی ئابروی خەڵکی ، و باش بزانە کە لە وانەیە سزا بدرێیت بە هەمان جۆری تاوانەکەت و هەر ئەو شتە توشی ماڵ و منداڵت بێت کە بە سەر خەڵکیت هێناوە .

---

[١١] بڕوانە پەرتۆکی ( **غضب الله تعالى يلاحق المتمردين على الفطرة** ) کە لە نووسینی ( **فؤاد سيد الرفاعي** ) .

## دووەم : هۆكارەكانی شوێنكەوتنی ئارەزوو :

**( ١ ) لاوازی باوەڕ :**

بەڕاستی باوەڕ بوون بە خوای بڵند باڵا دەست ، گرنتی و پارێزەرە لە تاوانەكان و بەردێكی سەختە كە ئارەزووەكانی نەفسی خراپەكاری لە بەردەمدا ورد دەبێت ، چونكە بەندە هەرچەندە باوەڕی لاواز بێت زیاتر بوێر دەبێت لە شكاندنی سنورەكانی خوای پەروەردگار . **برای لاوم** : ئایا تۆ پێت وایە ئەو كەسەی كە دەگاتە ئەو پلەیەی كە خوا بپەرستێت وەك چۆن بڵێی خوا دەبینێ ، جورئەتی تاوانكردنی هەبێت ؟! یان ئەگەر تاوانێكی كرد سور دەبێت لە سەری ؟!

هەر بۆیە لاوازی باوەڕ گەورەترین هۆكاری كەوتنە نێو قوڕ و چڵپاوی ئارەزوە پیسەكانە .

**( ٢ ) چاوێك بە هاوڕێتیەكانتدا بخشێنەوە :**

**برای لاوم** : تاك تاكی هاوەڵ و هاوڕێكانت بهێنە پێش چاوی خۆت و بزانە لەوانەیان تێدایە كە لە ڕۆژی دوایدا پێیان بڵێی : ﴿يا ويلتى ليتني لم أتخذ فلانا خليلا لقد أضلني عن الذكر بعد إذ جاءني وكان الشيطان للإنسان خذولا﴾ ( سورة الفرقان : ٢٨ ـ ٢٩ ) .

واتە : وەیل و بەدبەختی و نەهامەتی بۆ من خۆزگە فلانەكەسم بە هاوەڵی خۆم نەكردبایە ، چونكە ئەو بوو لە باوەڕ و ئیسلامەتی لای دام و دووری خستمەوە ، دوای ئەوەی كە خوای پەروەردگار ئەو شتە پێی خەڵات كردم ، بێگومان شەیتان ڕێگرە لەوەی كە مرۆڤ ڕێگای ڕاست وەرگرێت .

وە ئایا هەموویان لەو هاوڕێیانەن كە ڕازیت بەوەی لە گەڵیاندا حەشر بكرێیت ؟ چونكە پێغەمبەر و خۆشەویستەكەت ﷺ فەرمویەتی : " **المرء مع من أحب** " [١٢] .

واتە : مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا لە گەڵ ئەو كەسە دەبێت كە لە دونیادا خۆشی دەویست .

دواتریش ئایا ڕازیت لە ئایینی هەموویان ؟ چونكە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوات ﷺ لەلا شاراوە نییە كە فەرموویەتی : " **المرء على دين خليله ، فلينظر أحدكم من يخالل** " [١٣] .

واتە : مرۆڤ لە سەر ئایینی برادەر و هاوڕێكەیەتی ، جا با هەر یەكێك لە ئێوە بزانێت برادەری و هاوڕێتی كێ دەكات .

لە ئاكامدا ئایا بۆت دەركەوت كە هاوڕێكانت لە چ كۆمەڵەیەكن ؟ لە بفرۆشانی گوڵاو و بۆنی خۆشن ، یان لە كورەچیانن ؟ ئەوەشت لا ئاشكرایە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **مثل الجليس الصالح والجليس السوء ، كحامل المسك ونافخ الكير ...** " [١٤] .

واتە : نموونەی برادەری چاك و خراپ ، نموونەی عەترفرۆش و كورەچییە ...

ئەگەر هاوڕێی وبرادەر كاریگەریان هەبێت لە سەر یەكتر لە چەند ڕێگەیەكەوە ، ئەوا ئەو كاریگەریە زیاتر دەبێت لە قۆناغی لاوێتیدا ، لە ڕاكێشانی بەرەو چڵپاوی ئارەزووەكان ، لە لێكۆڵینەوەیەك كە ڕۆژنامەی ( **الأنباء** ) ی كوەیتی

---

[١٢] البخاري برقم : ( ٦١٦٨ ) ومسلم برقم : ( ٢٦٤٠ ) .

[١٣] الترمذي برقم : ( ٢٣٧٨ ) ، وحسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة برقم : ( ٩٢٧ ) ، وفي صحيح سنن ابن ماجه برقم : ( ٢٣٧٨ ) .

[١٤] البخاري برقم : ( ٥٥٣٤ ) ومسلم برقم : ( ٢٦٢٨ ) .

ئەنجامی دابوو گەنجێك بە ناوی ( **ن . م ، ١٧ساڵ** ) دەڵێت : (( جاری یەکەمم بوو کە ئەو جۆرە فلیمانە ببینم ، ئەوەش پێش چەند ساڵێك بوو لە سەردانێکمدا بۆ لای هاوڕێیەك کە ئەو فلیمەی لە ژوورەکەیدا بوو ، هەڵسا بە داگیرساندنی فلیمەکە )) [١٥] .

یەکێك لەو گەنجانەی کە گەڕاوەتەوە (**دار الملاحضة**) ـ **کە خانەیەکە ئیشی چاودێری کرنی لاوانە و چارەسەری گرفتەکانیان دەکات** ـ لە ( **ریاض** ) ، دوای ئەوەی کە ماوەیەك لەو خانەیە دەبێت و دواتر دەردەچێت دەڵێت : (( هۆی دوبارە گەڕانەوەم بۆ ئەو خانەیە ئەوەیە کە لە دوای دەرچوونم لێرە دیسان گەڕامەوە ناو هەمان پێڕی هاوڕێ خراپ و کۆنەکانم ، چونکە هەر کە لەم شوێنە دەرچووم دەبینم چاوەڕێم دەکەن ، و بانگم دەکەن بۆ هەمان خراپەکاری یەکانی پێشووم ، پاش ئەوەی کە کردەوەی خراپم بە چاك بۆ دەڕازێننەوە و پیشان دەدەن یان پێچەوانەکەی ، بەمەش گەڕانەوەم بۆ لای پەروەردگار تۆبەکان و سور بوون و بەردەوامیم لە سەر کاری چاکە لە بیر دەبەنەوە ، بۆیە منیش بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ ئەم خانەیە و خۆم ڕزگار بکەم لە چنگ ئەو پێڕە هاوڕێ خراپە)) [١٦] .

وە مەرج نییە هاوڕێی خراپ تەنها کەسانێك بن کە زیندانیان بینیبێت ، یان خانەکانی ئامۆژگاری و ڕاست کەرەوەکانی لاوان ، وەك هەندێ پێیان وایە ، و مەرجیش نییە لە جگەرەکێشەکان بێت وەك هەندێکی تر پێیان وایە .

**بەڵکو هاوڕێی خراپ ئەو کەسەیە کە تاوانەکان بەجوان دێنێتە پێش چاو و دەیڕازێنێتەوە ، و کاری چاکە و گوێڕایەلیت لا ناشرین دەکات** ، کە لەوانەیە ئامۆزا یان خزم و هاوسێ یان ڕەنگە تەنانەت هەندێ جار براشت بێت .

وە لە کۆتایدا ئەوەت پێڕادەگەیەنم کە **ئامان نەکەی بەشێوەیەکی کاتی یان وورده وورده واز لە هاوڕێی خراپ بهێنی !!** بەڵکو پێویستە کە ئەمڕۆ بۆت دەرکەوت کە فلان کەسی هاوڕێت کەسێکی خراپە هەوڵ بدە بۆ سبەینێ نەیبینیتەوە ، چونکە نموونەی ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی کاتی و وورده وورده واز لە هاوڕێی خراپ دەهێنێت ، وەك ئەو کەسە وایە کە فێری خواردنێکی زیان بەخش بووە و کەزیانی ئەو خواردنەی بۆ دەرکەوت دێت ڕۆژانە دوو ژەمی لێ دەخوات لە جیاتی ئەوەی سێ ژەمی لی بخوات بۆ ئەوەی وورده ووردەە وازی لێ بێنێت ، بگرە وورده وورده وازهێنان لە هاوڕێی خراپ لە وورده وورده واز هێنان لەو خواردنە زیانبەخشترە ، ئەگەر بە ووردی بیر لەو مەسەلەیە بکەیتەوە ئەوەت بە ئاشکرا دەبێت .

**( ٣ ) سەیرکردنی حەرام تیرێکە لە تیرەکانی شەیتان** ۞ :

**برای لاوم** : ئایا پێت درووست و ڕەوایە کە جڵەوی چاووت بەرەڵا بکەی لە سەیرکردنی ئەوانەی بەپێشتدا دێن و دەڕۆن پیاو بن یان ئافرەت ، لە دوای ئەوەش پرسیار بکەیت وبڵێی : **هۆی هەڵچوون و ورووژاندنی ئەم شەهوەت و ئارەزووەم چی‌یە ؟!!!** وە ئایا بەجوان و شایستەی دەزانیت بۆ خۆت کە بەردەوام لە سەیرکردنی ئەو شتە خراپانە بیت کە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پێشکەش دەکرێت ، لە وێنەی ئافرەتانی ڕووت و نیمچە ڕووت و فلیمە ئارەزوو هەژێنەرەکان ؟!! یان بڕۆیت بۆ کتێبخانەکان بە دوای گۆڤارە بەدرەوشتەکاندا بگەڕێیت ، یان بە دوای گۆرانی حەرام و

---

[١٥] ڕۆژنامەی ( **الأنباء الكويتية** ) ( ١٣ / ٨ / ٨٧ ) ، وە بڕوانە : ( **العفة ومنهج الأستعفاف** ) ( ٥٩ ) .

[١٦] گۆڤاری ( **دار الملاحظة** ) ژمارەی ( ٣ ) لاپەڕەی ( ٥١ ) .

۞ هەڵبژاردنی نووسەر لێرەدا بۆ ئەم دەستەواژەیە ، لەوانەیە تەنها دەربڕینێکی نووسەر بێت ، نەك ئاماژەکردن بێت بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ ، چونکە ئەو فەرموودەیەی کە بەم واتایە هاتووە ، و دەڵێت : " **النظر سهم من سهام الشيطان** " ، فەرموودەیەکی ( **ضعيف** ) ە بڕوانە : ( **سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة** ) ی ( **العلامة محمد ناصرالدين الألباني / المجلد ٣ / رقم : ١٠٦٥** ) ، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لە نێو کتێب و سەرزاری خەڵك ، و نووسەراندا ، ئەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئەهلی سوننە شت لە سەر فەرموودەی لاواز بنیات نانێن ( وەرگێڕ ) .

ئابڕوو بەردا بگەڕێیت ؟!! ئایا **برای لاوم** تۆ ئەمانە دەکەی ، کەچی ئەوەی من سەبارەت بە تۆ بیستوومە : پێم وایە تۆ زۆر لەوە ژیرتر بیت کە کاتی خۆت بەو شتە بێ سوودانە بە سەر بەری ، وە پێشم وانیە کە تۆ ئەو شتانە ئەنجام بدەیت و دواتر بپرسی : چارەسەر چی‌یە ؟!! چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُل للْمؤمِنين يغضوا مِن أبصارِهِم ويحفَظُوا فُروجهم ذَلِك أزكَى لَهم إِن الله خبير بما يصنعونَ وقُل للْمؤمِناتِ يغضضن مِن أبصارِهن ويحفَظْن فُروجهن ﴾ ( سورة النور : ٣٠ ـ ٣١ ) .

واتە : فەرمان بکە بە پیاوانی باوەڕدار و پێیان بڵێ : کە چاویان لە ئاست ئافرەتی نامەحرەم دابخەن و بپارێزن ، و داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی و زیناکردن ، چونکە ئەوە پاکتر و چاکترە بۆیان ، ئەوەش بزانن کە خوای پەروەردگار بەئاگایە بە هەموو کردەوەکانیان ، هەروەها بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ : کە چاویان لە ئاست پیاوانی نامەحرەم دابخەن ، و بپارێزن ، و داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی و زیناکردن .

هەر وەك ( **ابن القيم** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ دەڵێت :

**كل الحوادث مبداهـا من النظر**
**و معظم النار من مستصغر الشرر**
**كم نظرة فتكت في قلب صاحبها**
**فتك السهـام بلا قـوس ولا وتر**

واتە: هەموو تاوانەکان سەرچاوەیان لە سەیرکردن و ڕوانینی حەرامەوەیە ، ئاگرە گەورە و بڵێسە دارەکانیش بە هەمان شێوە لە تروسکە بچووکەکان درووست دەبن ، چەندەها بینین هەبوو کاریگەریان لە سەر دڵی خاوەنەکانیان وەك کاریگەری تیر وابوو ، کەچی کەوانیشی تێدا بەکار نەهێناوە .

هەروەها دەڵێت :

**مـازلت تتبـع نظرة في نظـرة**
**في إثر كـل مليحـة و مليـح**
**وتظن ذاك دواء جرحك وهو في**
**التـحقيق تجريـح على تجريـح**
**فـذبحت طرفك باللحاظ وبالبكا**
**فـالـقلب منك ذبيح أي ذبيح**

واتە : هەر جوانێکت بەر چاو بکەوێت جار لە دوای جار تەماشای دەکەیت ، گومانیشت وایە کە ئەوە تیماری برینینەکەت بێت !! کەچی لە ڕاستیدا ئەوە برینە لە سەر برین ، تۆ دیدەدەکانت سەرگەردانی شوێنی ئەم و ئەو کردووە ، ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی کە دەڵەکەت ببێتە قۆچی قوربانی .

( ٤ ) **تەنهایی و دوورە پەرێزی لە خەڵك :**

**برای لاوم** : یەکێکی تر لەو هۆکارەکانی کە هۆکاری لاوازی باوەڕە ـ بیری خۆم و تۆشی دەخەمەوە ـ **دەست بەتاڵی و تەنهایی یە :** چونکە تۆ کاتێك بەتەنها لە شوێنێك دەمێنیتەوە ، و بیرکردنەوە و خەیاڵ دەست دەکێشێت بەسەرتدا و شەیتانیش بەهەلی دەزانێت بۆ ئەوەی ڕەشمەی سەرەنەخی کارەکان بگرێتە دەست ، و داوات لێ دەکات کە بیر لە چێژی جنسی بکەیتەوە ، کە ئەمەش سەرەتا بە بیرکردنەوە دەست پێ دەکات و دواتر پەرەدەسێنێت و دەبێتە هیممەتێك لە ناختدا دواتر سووربوون لەسەر ئەنجامدانی شتێك واتە دەبێت بە ( بڕیار ) کە قۆناغی پێش کۆتایی‌یە کە ئەویش جێبەجی

کردنە ، وە تەنانەت ئەگەر ئەمە ئەنجامی هەموو ئەمانە بریتی بێ لە( **العادة السرية** ) واتە بە دەست هێنانەوەی ئاوی شەهوەت ، کە لە ئاکامەکانی : غەم و پەژارەیی زۆر ، و کەودەنی و گێلی ، و کەمتەرخەمی بێ هیمەتی ، و لە دەستدانی پیاوەتی ، و شەرم کردن و زیان گەیاندن بەمێشك و چاو و لاواز بوون و چەمانەوەی شان و باڵەکان ، و لاوازبوونی ماسولکەکان هەرس ، و لەوانەشە ببێتە هۆی بێ توانایی بەجێهێنانی ئەرکی ( جووتبوون ) ، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەو کارە و بە زۆری ئەنجامی بدەیت . سەرەڕای هەموو ئەمانەش کارێکی ناشەرعیە و ووتەی خوای گەورەی بەسەردا ڕاست دەبێتەوە کە فەرموویەتی : ﴿ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ﴾ ( سورة المؤمنون : ٧ ) .

**برای لاوم** : لەوانەشە بڵێی تۆ داوات لێ کردم کە وازبهێنم لە هاوڕێتی هاوڕێی خراپ ، و فەرمانی ئەوەیشت پێ کردم کە چاوێك بەهاوڕێکانمدا بخشێنم و بەقسەتم کرد ، ئەی چۆن ئێستە دێت و داوام لێ دەکەیت کە دووربکەومەوە لە تەنهای ؟ منیش دەڵێم : ببورە من نامەوێ بێزارت بکەم بەڵام ئەگەر ئارام بگری و بەردەوام بیت لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە کە لە بەردەستتدایە ئەوا بەویستی خوا وەڵامەکەت دەست دەکەوێ لە بەشی چارەسەریەکان .

### ( ٥ ) بیرکردنەوە لە ئارەزووەکان دەردێکی کوشندەیە :

لە تەواوێتی بەسۆزی و مهرەبانی خوای گەورە ئەوەیە کە لە مرۆڤ ناپرسێتەوە و سزای نادات لە سەر بیرکردنەوە و خەیاڵاتەکانی تاوەکو بەقسە نەیکات یان بەکردەوە ئەنجامی نەدات . گەنجێکی زۆر هەیە کە تامو چێژێکی زۆر لەو بیرکردنەوە وەردەگرێت لەوانەیە لە سەرەتادا گەنجەکە پێی خۆشە لە بەرزایەکی زۆر بەرز بخرێتە خوارەوە نەك ئەو شتەی کەلە مێشکدایە بەکردەوە ئەنجامی بدات ، بەڵام لەوانەیە پەرەی پێ بدات تەنانەت لە نوێژیشدا و تەنانەت تێکەڵ بە نوێژەکانیش دەبێت ! ! ـ وەك هەندێ لاو خۆیان دانیان پێداناوە و باسیان بۆکردووم ـ وە کە ئەم بیرکردنەوەیە درێژە بکێشێت ئەوا ئارەزووش بەرزدەبێتەوە تاوەکو دەست بەسەر دڵیدا دەگرێت ، وەك بورکانێکی گڕکاوی لێدێت کە بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت کە بەهۆیەوە بتەقێتەوە هەناسەیەك بدات .

بۆیە **برای لاوم** وریابە وریا لە بیرکردنەوە لە ئارەزووەکان ، و هەرکە لە دەرگاتی دا دەرگای بە ڕوودا دابخە و بیر لەو شتانە بکەرەوە کە سودی دنیاو دوا ڕۆژتی تێدایە ، یان بیر لە دروست کراوەکانی خوای گەورە و گەورەیی خوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی نەهامەتی موسڵمانان و دوورییان لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و بلاوبونەوەی گومڕای بکەرەوە ....

## سێ یەم : چارەسەرکردنی شوێنکەوتنی ئارەزوو :

**برای لاوی** خۆشەویستم دوای ئەوەی کەلە لاپەڕەکانی ڕابردوودا باسی خراپی و ئاکامی شوێن کەوتنی ئارەزووەکانمان کرد وە هەروەها باسی هۆکارەکانی شوێن کەوتنی ئارەزووەکانمان کرد ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە من و تۆ پێکەوە نەخۆشیەکەمان دیاری کردووە و ماوەتەوە چارەسەری گونجاوی بۆ دابین بکەین ، وا لێرەش بەویستی خوای پەروەردگار ڕێگاکانی چارەسەرکردن دیاری دەکەین بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ڕزگارمان بێت لەو نەخۆشیە ترسناك و فەوتێنەرە ، وەبیری خۆم و خۆتی دەخەمەوە کە لە خوێندنەوەی چارەسەرەکان پێویستە هەوڵ بدەین بە تەواوەتی درك بە ووشەکان بکەین و لێی تێ بگەین و لەواقیعدا پیادەیان بکەین :

**( ١ ) باوەڕیتەوی ( بەهێزی ئیمان ) بەڕێکی سەختە کە ئارەزووەکان لەبەردەمیدا وورد دەبن :**

**برای لاوم** : بەڕاستی بەهێزی ئیمان بوون بە خوای پەروەردگار چاکترین پارێزەرە بۆ بەندە لە کەوتنە ناو تاوانەکانەوە ـ دوای سەرخستن و تەوفیقی خوای پەروەردگار ـ وە ئەگەر بپرسی چۆن! دەڵێم ئەی ئەوە نیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: **" لا يزنـي الزانـي حين يزني وهو مؤمن "**(١٧) .

واتە : مرۆڤی داوین پیس و زینا کار لەو کاتەی کە ئەو تاوانە ئەنجام دەدات باوەڕی تێدا نامێنێت .

کەواتە کاتێك دڵەکەت پڕ دەبێت لە ئیمان و ئیمان دڵ و دەروون و هەستت دەگرێت ئەوا هەرگیز ناتوانیت سنورە قەدەغەکراوەکانی خوای پەروەردگارت ببڕیت ، وە ئەگەر جارێکیش تێبکەویت ئەوا بە زووترین کات دەگەڕێیتەوە و بە ئاگا دێیت و ئەو ووتەیەی خوای پەروەردگارت بیر دەکەوێتەوە کە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْاْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾ ( سورة الأعراف : ٢٠١ ) .

واتە : کەسانی خۆپارێز لە تاوان ئەگەر تووشی وەسوەسە و ختوورەیەکی شەیتان بن یان تاوانێك ئەنجام بدەن ، فەرمانەکانی خوای پەروەردگاریان بیر دەکەوێتەوە و تۆبە دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر فەرمانەکانی و پاشان سەپێچی شەیتان دەکەن.

جا برام خوای پەروەردگار بتپارێزێت : مشووری ئەوە بخۆ کە تۆوی باوەڕ لە دڵتدا بچێنیت ، چونکە کاتێك دەڕوێت خۆشبەختی دونیا و دوارۆژت بە دەست دێنێت .

**( ٢ ) خۆپاراستن پێش چارەسەرکردنە :**

**برای شیرینم** کام لەم دوو ڕێگایەت لە لا ئاسانەو کامیان هەڵدەبژێری ؟

جڵەوی نەفسی خۆت بەرەڵا بکەیت و دەرگاکەشی بۆ واڵا بکەیت و دوایش هەموو هەوڵ و تێکۆشانت پاڵنان بێت بە ئارەزووەکانتەوە ؟!

یان هەموو دەرگایەك بە ڕووی ئارەزووەکانتدا پێوە بدەیت و هۆکارەکانیش بەربەست بکەی ؟ بە ڕاستی مرۆڤی ژیر و خوا ویست داخستنی دەرگاکان و بەربەستکردنی هۆکارەکان هەڵدەبژێرێت ، بەڵکو هەر ئەمەشە تەنها ڕێگا چارەی شەرعی بۆ تۆ ... باشە ئایا ژیریە ؟ یان شوێن کەوتنی شەرعی تێدایە ؟ کە تۆ چاوەکانت واڵا بێت بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردوون و دوایش سکاڵای ئارەزووەکان بکەیت و بناڵێنی لە چنگ ئەو ئارەزوانەی کە دەستیان گرتووە بەسەر دڵتدا پرسیار بکەی ؟!

---

(١٧) البخاري برقم : ( ٢٤٧٥ ) ، ومسلم برقم : ( ٧٥ ) ، و أبو داود برقم : (٤٦٨٩) ، و الترمذي برقم : ( ٢٦٢٧ ) ، والنسائي برقم : ( ٤٨٧٠ ) .

برای موسڵمانم ئایا لایقە بە تۆ خۆت خەریکی گۆڤارە ئاکار ڕوخێنەرەکان بیت یان تەماشای فلیمە ئارەزوو هەژێنەرەکان بکەیت و دوایش بپرسی ڕێگەی داوێن پاکی لە کوێیە ؟!!! ئایا تۆ ڕێگەی سەرفەرازی و ڕزگار بوونت دەوێت ؟ چۆن گوێکانت شل دەکەیت بۆ گۆرانی دڵداری و خۆشەویستی درۆینە و چەندەها شتی پڕوپووچی تر ؟!

**برای لاوم** : ئەگەر دەتەوێت ڕزگار بیت ، ئەوا هەر لە سەرەتاوە ڕێگەکە کورتکەرەوە ، و ئەو دەرگایە داخە کە بات لێوە بۆ دێت ، و خۆشت شارەزاترین کەسیت بە خۆت ، جا نازانم چ ڕێگایەکیانە ( برادەر و هاوڕێ ، پەرتۆك ، گۆڤار ، یان شریتە) بانگەشەت دەکات بۆ تاوان ، و پێی بڵێ : تۆ بەرێگەی خۆت و منیش بەڕێگەی خۆم و ئەمە خاڵی لە یەك جیا بوونەوەمانە.

## ( ٣ ) ڕێگە چارەیەکی زۆر سەرکەوتووی پێغەمبەری خوا ﷺ :

**برای لاوم** : ئایا تۆ نازانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە ، و ئامۆژگاری هەموو ئومەتەکەی کردوە ، ئەوەش بەوەی کە هەموو ڕێگاکانی چاکەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە و هەرچی ڕێگای خراپ و تاوانەکانە ئاگاداری کردووینەتەوە لێی ، تۆ بڵێی چارەسەرێکی بۆ ئەم گرفتە دانەنابێت ؟!

نەخێر حاشا وە لله ، پێغەمبەری خوا ﷺ ( لە جێی دایك و بابمان ) بێت دوورە لەو کردەوەیە ، چونکە بەڕاستی هەموو چاکەیەکی پێشانمان داوە تا بە هۆیەوە بچینە بەهەشتەوە ، و لە هەموو خراپەیەکیش ئاگەداری کردووینەتەوە ، تاکو لە دۆزەخ بمان پارێزێت ، هەروەکوو هەردوو پێشەوا ( **البخاري** ) و (**مسلم**) لە (**عبدالله**)ی کوڕی (**مسعود**)ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: **"يا معشر الشباب ، من استطاع منكم البـاءة ، فليتزوج ، فاءنه أغض للبصر وأحصن للفرج ، ومن لم يستطيع ، فعليه بالصوم ، فاءنه له وجاء"** (١٨) .

واتە : ئەی گرۆی لاوان ، ئەو کەسەتان کە دەتوانێت (توانای جەستەیی ، و خەرجی ژنهێنان ) با ژن بهێنێت ، چونکە چاو دەپارێزێت لە تاوان و داوێنیش لە داوێن پیسی ، ئەوەشتان کە ناتوانێت ، با هەوڵی ڕۆژووگرتن بدات ، چونکە ڕۆژوو هۆکاری سەرکوتکردنی ئارەزووەکانە .

بەڕاستی ئەم فەرمایشتە چارەسەرێکی زۆر سەرکەوتووانەیە لە دکتۆری زانا بە دڵ و لاشەکان ﷺ .

بۆیە **برای لاوم** : با بیرکردنەوەت لە ژنهێنان بە شێوەیەکی یەك لایانە و جدی بێت ، و لە دەست کورتی و نەداری مەترسە ، چونکە خوای بڵند و باڵا دەست و دەوڵەمەند پەیمانی یارمەتی دانی پێت داوە ، و کێ لە خوای پەروەردگار ڕاستگۆتر و پەیمان بەرەسەر ترە ؟ بێ گومان کەس ، خوای گەورە فەرموویتی : ﴿ وأَنكِحوا الأَيامى مِنكُم والصالِحين مِن عِبادِكُم وإمائِكُم إن يكُونوا فُقَراء يغنِهم الله مِن فَضلِه والله واسِع علِيم ﴾ ( سورة النور : ٣٢ ) .

واتە: ئەوانەتان کە ئازادن و ژنیان نەهێناوە ، یان مێردیان نەکردووە ، ژنیان بۆ بهێنن ، و بیاندەن بە شوو ، هەروەها بەندە و کەنیزەکە چاکەکانیشتان بە هەمان شێوە ژنیان بۆ بهێنن ، و بیاندەن بە شوو ، ئەوەش بزانن کە ئەگەر هەر یەکەیان هەژار بێت خوای پەروەردگار لە چاکەکانی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات ، خوای پەروەردگاریش موڵك و سامانێکی زۆر و فراوانی هەیە و زاناشە بە حاڵی بەندەکانی .

(١٨) البخاري برقم : ( ١٩٠٥ ) ، و مسلم برقم : ( ١٤٠٠ ) ، والنسائي برقم : (٢٢٣٩) ، وأبو داود برقم ( ٢٠٤٦ ) ، والترمذي برقم : ( ١٠٨١ ) .

وە دەرفەتی ئەوەشم بدە **برای لاوم** با هەندێك قسەش بۆ باوكت بكەم و پێی بڵێم : لە خوا بترسە سەبارەت بەو كوڕە گەنجەت ، و باش بزانە كە باشترین شت كە تۆ پێشكەشی كوڕەكەتی بكەیت بریتی یە لە خێزانێكی چاكەكاری موسڵمانی ڕەوشت جوان ، وە ئەوەش بزانە ئەی باوك كە نە تۆ و نە كوڕەكەشت بەرپرسیا نین لە ڕزق و ڕۆزی دانی ، بەڵكو خوای گەورە ئەو كارەی خستووتە ئەستۆی خۆی كە ڕۆزی دەری بێت و ئەو شتەی پێ ببەخشێت و یارمەتی بدات ، تەنها ئەركی تۆ ئەوەیە كە هانی كوڕەكەت بدەیت بۆ ژنهێنان نەك ببیت بە لەمپەر و كۆسپێك لەو ڕێكا شەرعی و پیرۆزەدا .

**برای لاوم** : لەوانەیە توانای ژن هێنانت نەبێت ، ئەوا ڕێگا چارەیەكی ترت لە پێشە ئەویش ڕۆژوو گرتنە ، بۆچی بیر لەوە ناكەیتەوە كە سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك بە ڕۆژوو بیت ، یان ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو بیت ؟ وە ئایا ئەوە دەزانیت كە ڕۆژوو بەربەست و پارێزەر و قەڵغانە لە ئاگری دۆزەخ ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **الصيام جنة من النار** " [١٩] ، واتە : ڕۆژوو قەڵغان و پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ .

وە سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیەكە بۆ زیاد كردنی پاداشت ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی كە خوای گەورە لە فەرموودەیكی قودسیدا فەرموویەتی : " **كل عمل ابن ادم له ، الحسنة بعشر أمثالها إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به** " [٢٠] .

واتە : هەموو كردەوەكانی نەوەكانی ئادەم بۆ خۆیەتی ـ هەموو چاكەیەك بە دە جاری خۆیەتی ـ جگە لە ڕۆژوو نەبێت كە تایبەتە بە منەوە ، هەر منیش دەتوانم پاداشتی بدەمەوە .

وە جگە لەوەش ڕێگەیەكە بۆ بە دەست هێنانی تەقوا و لە خوا ترسان ، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ كُتِب عليْكُم الصيام كما كُتِب على الذِين مِن قبلِكُم لعلكُم تتقُونَ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٣ ) .

واتە : ڕۆژووتان لە سەر پێویست كراوە هەروەكو لە سەر ئوممەتانی پێش ئێوەش پێویست كرا ، ئەوەش بۆ ئەوەی خۆپارێز بن لە تاوان .

**برای لاوم** : ئایا ڕۆژوو گرتنت لە پێناوی خوا تاقیكردۆتەوە ؟ وە ئایا تینوێتیت كێشاوە لە بەر خوا لە كاتێكدا خەڵكی خەریكی چێژ وەرگرتن بوون لە ئاوی سارد ؟ ئەگەر تاقیت نەكردۆتەوە !! تاقی بكەرەوە و ئەنجامەكەی بزانە .

بە ڕۆژوو بوون جگە لەوەی كە قەڵغانێكە لە شوێن كەوتنی ئارەزووەكان و پاداشتی گەورەشی هەیە لای خوای گەورە ، لە گەڵ ئەوەشدا هێز و توانا و ئارام گرتنێك لە مرۆڤدا پەیدا دەكات كە بە هۆیەوە زاڵبێتە سەر ئارەزووەكان و هۆكاری دامركاندنەوەیانە ، بۆیە دەبێت دەست پێشخەری لەو كارە پیرۆزە بكەیت ، خوای گەورە من و تۆش یارمەتی بدات بۆ ئەو كارە .

**( ٤ ) ئاگاداری تاوانە بچوكەكان بە :**

**برای لاوم** : تۆ لەوانەیە نەفست وات لێبكات كە نرخ بۆ تاوانە بچوكەكان دانەنێیت ، و بە شتێكی كەمیان بزانیت وەك : ( **النظر: واتە / سەیركردنی ئافرەتانی نامەحرەم** ) ، وە گومانیشی تێدا نیە كە تاوانی بچووك وەكو تاوانە گەورەكان نیە ، بەڵام ئەوەش بزانە :

---

[١٩] رواه النسائي برقم : ( ٢٢٤٣ ) ، وأصله في الصحيحين ، وصححه العلامة الألباني في : صحيح سنن النسائي برقم : ( ٢٢٣٤ ) .

[٢٠] البخاري برقم : ( ١٩٠٤ ) ، و مسلم برقم : ( ١١٥١ ) ، و أبو داود برقم : ( ٢٣٦٣ ) ، و الترمذي برقم ( ٧٦٤ ) ، والنسائي برقم : ( ٢٢١٦ ) .

**أ** / مرۆڤ زۆرجار تاوانە بچووکەکان بەکەم دەزانێت کەچی هەر ئەو تاوانە بچووکانەیە ئەگەر بەردەوام بیت لە سەری کۆدەبێتەوە و لە ناوی دەبات ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە دایکە (**عائشة**) ـ رضي الله عنها ـ دەفەرمووێت : **" يا عائشة ! إياك ومحقرات الأعمال ، فإن لها من الله طالبا "** [٢١] .

واتە : ئەی عائیشە ! ئامان خۆت بپارێزە لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەڵك بەکەمیان دەزانن ، چونکە خوای پەروەردگار لە یادیان ناکات و خەڵکی لە سەر موحاسەبە دەکات .

هەروەها دەفەرمووێت : **" إياكم و محقرات الذنوب ، فإنما مثل ما تحقرون من أعمالكم ، كمثل قوم نزلوا بطـن واد ، فجاء ذا بعود وذا بعود ، حتى أشعلوا نارهم و طبخوا عشائهم "** [٢٢] .

واتە : ئامان خۆتان بپارێزن لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەڵك بەکەمیان دەزانن ، چونکە نموونەی ئەو تاوانانەی کە بە کەمیان دەزانن ، وەکو نموونەی کۆمەڵە کەسێکە دەڕۆنە دەشت و دۆڵێکەوە ، و ئەمەیان چیلکە دارێك دێنێت ئەویتریشیان چیلکەیەکی تر ، تاکو بەو چیلکانە ئاگرەکەیان داگیرساند و چێشتەکیان پێ لێنا و پێگەیشت .

وە هەروەها ( **ابن معتز** ) لە پاچە هونراوەیەکدا دەڵێت :

**خـل الذنـوب صغيرهـ ـا وكبيرها ذاك التقى**
**واصنع كمـاش فوق أرض الشوك يحذر ما يرى**
**لا تحقـرن صغيرة إن الجبـ ـال مـن الحـصى**

واتە :

وار بهێنە و دور بگرە لە تاوانە گچکە و گەورەکان ، ئەوەیە خۆپارێزی و تەقوای دڵەکان
با خۆپاراستنت لـە تاوان وەکو کاری ڕێبوارێك بێ ، کە خۆ دەپارێزێ لـە ئازاری دڕکەکان
نەکەی تاوانە گچکەکان بەکەم دانێیت ، چونکە لە گچکە بەردن هەموو شاخ و کێوەکان

ئایا تۆ ئەو چیا بەرزو بڵندانەت نەبینیوە ؟ کە پێك هاتوون لە ژمارەیەکی زۆر بەردی بچوك ، کە یەك لە سەر یەك کۆبووتەوە و ئەو شاخە گەورانەیان لێ پێك هاتوە ، بۆیە تۆش هەروا سەیری تاوانە بچوکەکانی خۆت بکە و بە کەمی مەزانە ، چونکە کۆ ئەبێتەوە بەسەرتدا و قورس دەبێت و بارگرانت دەکات .

خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ ونضع الْموازين الْقسط ليوم الْقيامة فلا تظْلم نفْس شيئًا وإن كان مثْقال حبة من خردل أتينا بها وكفى بنا حاسبين ﴾ ( سورة الأنبياء : ٤٧ ) .

واتە : ترازو و میزانی دادوەری دادەنێین لە ڕۆژی دوایدا بۆ هەموو کەسێك ، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ستەمێکی گەورە یان بچووك بکرێت لە هیچ کەسێك ، جا ئەو کەسەی کە تۆسقاڵە زەڕەیەکی کردبێت ـ چاکە بێت یان خراپە ـ ئەوا لەو ڕۆژەدا بەرچاوی دەخەین و حیسابی لە گەڵدا دەکەین ، ئێمەش بەسین بۆ ئەو ڕۆژە ، بۆ ئەوەی حیساب لە گەڵ خەڵکدا بکەین .

**ب** / ئەوە لە یاد مەکە کە تۆ لە جەنگێکی نە بڕاوە و بەردەوامدایت لە گەڵ دوژمنێکی سەر سەخت ، کە لە هەموو ڕێگایەکەوە بانگت دەکات بۆ تاوانەکان و گومڕای و لە ناوچوونت ، وە هەموو ڕێگەیەك دەگرێتەبەر بۆ گومڕاکردنت ، و هەر

---

[٢١] رواه ابن ماجة برقم : ( ٤٢٤٣ ) ، وقال في الزوائد : إسناده صحيح رجاله ثقات ، وحسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة بـرقم : ( ٥١٣ ) ، و في صحيح سنن ابن ماجه برقم : ( ٤٢٤٣ ) .

[٢٢] رواه أحمد ( ٥ / ٢٣١ ) وحسن إسناده الحافظ في الفتح ( ١١ / ٣٢٩ ) ، وحسنه ـ أيضا ـ العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة برقم : ( ٣٨٩ ) .

ئەويشە ووتويەتى : ﴿ ثُم لآتِينهم من بين أَيدِيهم ومِن خلفِهم وعن أيمانِهم وعن شمآئِلهم ولآ تجِد أكثَرهم شاكِرين ﴾ ( سـورة الأعراف : ١٧ ) .

واتە : ئەبێ لە پێش و پاش و لای ڕاست و لای چەپیان هەوڵی هەڵخەڵەتاندنیان بدەم ، لە ئاكمدا زۆربەیان والێدەكەم كە شوكرانە بژێری نیعمەتەكانت نەبن .

وە ئەوەشت لەلا شاراوە نیە ، كە تاوانكردنت یان ئەنجامدانی تاوان ، مانای لاوازی ئیمانەكەتە ، ئەو ئیمانەی كە وەك قەڵاو بەربەست وایە دژی ئەو دوژمنە سەرسەختەت .

بە شێوەیەكی ڕوونتر ، برام تۆ هەركاتێك تاوانەكانت بەكەم زانی و گوێت پێ نەدان ، ئەوا لاوازتر دەبی بەرامبەر ئەو دوژمنە ، و زاڵ دەبێت بەسەرتدا ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿إنه لَيس لَه سلطَانٌ علَى الذِين آمنواْ وعلَى ربهم يتوكلُونَ إنما سلطَانه علَى الذِين يتولونه والذِين هم بِهِ مشرِكُونَ ﴾
( سورة النحل : ٩٩ ـ ١٠٠ ) .

واتە : خوای پەروەردگار ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت كە شەیتان هیچ جۆرە دەسەڵاتێكی نی یە بەسەر ئەو بەندانەی كە باوەڕی تەواویان هەیە ، و پشت دەبەستن بە خوای پەروەردگاریان ، ئەو تەنها دەسەڵاتی بە سەر ئەو كەسانەیە كە شوێنی دەكەون و ئەیكەن بە شەریكی خوای پەروەردگار ، و دەیپەرستن .

بۆیە برای ژیرم تۆ كاتێك تاوانەكان بەكەم سەیر دەكەی ، دڵی دوژمنە داخ لە دڵەكەت خۆش دەكەیت و چەكێكی دەدەیتێ كە هەر بەو چەكە لە گەڵتدا بجەنگێ .

**ج / برا بەڕێزەكەم :** وازت لێ ناهێنم لە سەر ئەوەی كە دەبێ تۆ تاوانەكان ـ با بچوكیش بن ـ بەكەم نەزانی ، بۆ ؟ چونكە ئەگەر وات كرد ئەوا ناشرینی تاوانەكان لە دڵتدا نامێنێت ، و ڕادێی لە گەلیدا و دواتریش تووشی تاوانی گەورە و لە ناو بەرت دەكات .

تۆ بڕوانە ئەو دوژمنەت چۆن تەنانەت هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ تووشی تاوانێكی گەورە كرد كە پشت كردن بوو لە دوژمن لە كاتی ڕووبەڕوو بوونەوەیاندا لە كاتی جەنگ ، هۆكەیشی تاوانی بچووك بوو ، خوای گەورە دەفەرمووێت :
﴿ إِن الذِين تولواْ مِنكُم يوم الْتقَى الْجمعانِ إنما استزلهم الشيطَانُ بِبعضِ ما كَسبواْ ولَقَد عفَا اللّه عنهم إِن اللّه غَفُور حلِيم ﴾
( سورة آل عمران : ١٥٥ ) .

واتە : ئەو كەسانەتان كە لە كاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمندا پشتیان هەڵكرد لە دوژمن ، ئەوانە شەیتان تووشی ئەو گوناهەی كردن بە بڕێك لەو تاوانانەی كە لەوەو پێش كردوویانە ، خوای پەروەردگار لێی خۆشبوون ، خوای پەروەردگاریش لێبووردە ، و حەلیمە بەرامبەر بە بەندەكانی .

ئەوانە كۆمەڵێك بوون خوای گەورە لێیان خۆش بوو ، بەڵام ئێمە نازانین خوای گەورە چیمان بە سەر دێنێ ، داواكارم لە خوای پەروەردگار كە بە بەزەی و لێبوردەیی خۆی مامەڵەمان لە گەڵدا بكات و لێمان خۆش بێت .

بۆیە برا شیرینەكەم باش بزانە كە **سەیركردنی ئافرەتانی نامەحرەم** ، و پێشەكیەكان ، ڕێگەیەكی كورت و ئاسانن بۆ خراپە ـ با درێژەخایەنیش بن ـ ئەو خراپانەش ڕێگەیەكن بۆ كەوتنە ناو لیتە و چڵپاوی تاوانە گەورەكان و نەمانی ڕقلێبوونی ئەو تاوانانە لە دڵدا ۞ .

---

۞ شاعیر أحمد شەوقی لە دێڕە هونراوەیەكی شیعریدا بەجوانی قۆناغەكانی چوون بەرەو تاوانی گەورەمان بۆ ڕون دەكاتەوە كە دەڵێت :

**نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء**

دەبینین سەرەتا و یەكەم شت بینین و سەیركردنە ، دواتریش زەردەخەنە گۆڕینەوە ، دواتر سڵاو كردن و دوای ئەوەش قسە لە گەڵ یەك كردن ، و دوای پەیمان بۆ یەكگرتن لە شوێنێك و دوایش یەكگرتن و كەوتنە ناو تاوانی گەورەوە خوای گەورە و میهرەبان هەموومان بپارێزێت .

**( ٥ ) هەستکردنێکی تەواو بە چاودێری خوای پەروەردگار :**

ئایا دەتوانی بەبێ بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشت تاوانێک بکەی ؟ لەوانەیە پرسیار بکەیت و بلێی : مەبەست لەم پرسیارە چییە ؟ وە بۆچی ئەم پرسیارە سەبارەت بە ئەندامەکان ؟ لە وەلامدا دەلێم : ئایا تۆ ئەوە نازانیت کە ئەندامەکانی لەش و ئەو چوست و چالاکیەش بەخشینێکە لە لایەن خوای گەورەوە پێت بەخشراوە ؟ جا ئایا ئەوە بەسوپاس گوزاری خاوەن بەخشش دەزانی کە ئەو بەخشینانە لە ڕێگەی خراپ و پشتکردن لە فەرمانەکانی خوا بەکاری بێنی ؟!!! وە لێرەشدا شتێکی تر هەیە کە پێویستە درکی پێ بکەی ، با پێکەوە ئەم ئایەتە بخوێنینەوە ، خوای گەورە دەفەرمووێت :

﴿ وقَالُوا لِجلُودِهِم لِم شهدتم علَينا قَالُوا أَنطَقَنا الله الَذِي أَنطَق كُل شيءٍ وهو خلَقَكُم أَولَ مرةٍ وإِلَيه ترجعونَ ﴾ ( سورة فصلت : ٢١ ) .

واتە : دوای ئەوەی کە تاوانباران هەر سوورن لە سەر نەکردنی هەندێك تاوان لە کاتی دادگایی کردنیاندا ، خوای پەروەردگار فەرمان بە ئەندامەکانیان دەکات کە گەواییان لە سەر بدەن ، ئەوانیش لە وکاتەدا بە ئەندامەکانیان دەلێن : ئێوە بۆ گەواییتان لەسەرم دا ، ئەوانیش دەلێن : ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی هێناوەتە گفت و قسەکردن ، هەر ئەوە ئێمەشی هێنایە گفت ، هەر ئەویش بوو کە یەکەم جار ئێوەی هێنایە بوون ، ئەی نەتان دەزانی کە بۆ لای دەگەڕێنەوە .

بەڕاستی ڕووداوێکی ترسناکە و ڕووبەڕوو بونەوەیەکی سەخت و ناهەموارە ، ئەو ڕۆژەی کە ئەندامەکانی ئەم لەشە گەواهیت لەسەر دەدەن ، لە کاتێکدا ئەوان لە هەموو شتێکی تر زیاتر چێژیان لە تاوانەکە وەرگرتووە ، کە چی لەو ڕۆژەدا گەواهیت لە سەر دەدەن .

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ پێدەکەنێت ، هاوەلان لێیان پرسی ئایا هۆی ئەو پێکەنینەی چی بوو ؟ ئەویش فەرمووی : **" عجبت من مجادلة العبد ربه يوم القيامة ، يقول : أي رب أليس وعدتني أن لا تظلمني ؟ يقول الله تبارك و تعالى : أوليس كفى بي شهيدا وبالملائكة الكرام الكاتبين ؟ قال : فيردد هذا الكلام مرارا ، قال : فيختم على فيه ، وتتكلم أركانه بما كان يعمل ، فيقول : بعداً لكُن وسحقاً ، عنكن كنت أناضل "** [٢٣] .

واتە : ووتو وێژی تاوانباران لە گەل خوای پەروەردگار و سووربوونیان لە سەر نەکردنی تاوانەکانیان لە کاتی دادگایی کردنیاندا ، لە ڕۆژی دواییدا جێی سەرسوڕانم بوو !! بە خوای پەروەردگار دەلێن : خوایا مەگەر تۆ نەتووت ستەمتان لێ ناکەم ؟! خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ئایا من بەس نیم بۆ شایەتیدان لە سەر کردەوەکانتان ، یان فریشتە بەڕێزەکانم بەس نین ؟!! ئەم ووتەیە چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە ، فەرمووی : پاشان خوای پەروەردگار دەمیان دادەخات و ئەندامەکانیان دێنێتە گفت و قسەکردن و شایەتی دەدەن لە سەر کردەوەکانیان ، ئەوانیش لە وکاتەدا بە ئەندامەکانیان دەلێن : ئەی ئێوە بۆ شایەتیتان لەسەر دام ، دەك دووربن و لە ناو بچن ، خۆ من لە سەر ئێوە وام دەکرد .

بۆیە **برا شیرینەکەم :** ئەوەت لە بیر بێ کاتێك نەفست بانگت دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانێك ، ئەوەی کە ئەو ئەندامانەی لەشت کە چێژ لەو تاوانە وەردەگرن ، هەر ئەوانن دەبن بە یەکەم گەواهیدەر ( شایەت ) بە سەرتەوە لە ڕۆژی دوای ! لە بەرامبەر خوای گەورە کە هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە . وە ئێستا دووبارە دەپرسم کە ئایا دەتوانی بەبێ بەکارهێنانی ئەنداماکانت هیچ تاوانێك ئەنجام بدەی ؟ خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ وما كُنتم تستَتِرونَ أَنْ يشهد علَيكُم سمعكُم ولَا أَبصاركُم ولَا جلُودكُم ولَكِن ظَننتم أَن الله لَا يعلَم كَثِيرا مما تعملُونَ ﴾ ( سورة فصلت : ٢٢ ) .

---

[٢٣] رواه مسلم برقم : ( ٢٩٦٩ ) .

واتە : ئەوە ئێوە لە خوا نەدەترسان ، یان گومانتان وا بوو لەوەی کە ئەندامەکانی بیستن ، و بینین ، و پێستەتان گەواهیتان لە سەر بدەن ، بەڵکو گومانیشتان وا بوو کە خوای پەروەردگار بە ئاگا نیە لە زۆر لە کردەوەتان ! !

### ٦ - ئایا دەتوانیت لە کاتی تاوانکردندا کەس نەتبینێت ؟!

تۆ کاتێك دەرگا لە سەر خۆت دادەخەیت ، بەشێوەیەك کە کەس ناتبینێت ، لەو کاتەشدا پاڵنەرە شاراوەکانی ئارەزووەکانت دێنەچالاکی و جووڵان و بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێت کە لە ڕێگەیەوە بڕواتە دەرەوە ، ئا لەو کاتەدا بیر لەوە بکەرەوە کە خوای گەورە دەتبینێ و دەزانێ چی لە ناختدا هەیە ، پێش ئەوەی ئەندامەکانیشت بخەیتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی تاوانێك ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ سَوَاءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ ﴾ ( سورة الرعد : ٩ ـ ١٠ ) .

واتە : زانایە بە هەموو بینرا و پەنهانیەك ، و لە هەموو شتێك گەورەترە و بڵند و بەدەسەڵات و باڵادەستە بە سەر هەموو شتێکدا ، یەکسانە لە لای ئەو ئەگەر لە ئێوە ووتەی ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە ، یان لە تاریکی شەودا تاوان بکەن ، یان بە ئاشکرا و لە ڕۆژی ڕووناکدا ئەنجامی بدەن .

بۆیە برام ، تۆ ئەگەر ئەم ڕاستیە بێنیتە یاد و پێش چاوی خۆت لەو کاتەدا ، ئەوا هەرگیز ناوێری تاوانەکە بکەی ، شاعیر دەڵێت :

**وإذا خلـوت بريبـة في خلـوة**
**والنفس داعية إلى العصيان**
**فاستحيي من نظر الإله وقل لهـا**
**إن الذي خلق الظلام يراني**

واتە : ئەگەر لە کاتی خەڵوەت و تەنیایتدا تووشی دڵە ڕاوکێیەك بووی و نەفسیشت بۆ لای تاوان ڕای دەکێشایت ، شەرم بکە لە وەی کە خوای پەروەردگار دەتبینێت ، و بە نەفست بڵێ : ئەی نەفسی بەدکارم ئەوەی کە تاریکی درووست کردووە دەمبینێت .

### ٧ ـ چاویان لە سەر لامەبە :

**برای ژیرم :** لەوانەیە لە بیرت بێ کە ئێمە لە باسکردنی هۆکارەکان ڕێککەوتین لە سەر ئەوەی کە هاوڕێی خراپ یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی کەوتنە ناو لیتە و چڵپاوی ئارەزووەکانەوە ، هەروەها لە سەر ئەوەش ڕێك کەوتین کە بەبێ هیچ دوو دڵی و دوا خستنێك و زۆریش بە خێرایی بەجێیان بهێڵین ئەو هاوڕێی خراپانە ، سەرەڕای ئەمەش داوام لێت کرد کە دوور بیت لە تەنهای ، پێیشم وایە ئێستا لێم دەپرسی و دەڵێی : چی بکەم و چارەسەر چیە ؟ بە ڕاستی پرسیارەکەت لە جێی خۆیەتی و پێویستە منیش ئەو پرسیارەت پشت گوێ نەخەم ، بۆیە دەڵێم : تۆ جێگرێکت ( **بـديل** ) ت لە پێشە کە زۆر سودمەندتر و زۆریش لەو شتە باشترە کە پێتم ووت وازی لێ بێنە ، بەڵکو بەراورد ناکرێت لەگەڵ یەکدا .

ئەویش هاوڕێی چاك و چاکەکار و خواویستە ، کە بەڕاستی بزەی ڕاستەقینە هەر لای ئەوان دەبینی و گاڵتە و گەپێك دەکەی کە نەبێتە هۆی توڕە بونی خوای گەورە ، وە ئەگەر هیچت بیستبێ دەربارەی ڕەوشت جوانی و لەخۆبەپێشتر زانین ، و ئارامگرتن و سەخاوەت و .... هتد ، ئەوا لەلای ئەم جۆرە هاوڕێیانە بەچاوی خۆت دەیبینی و هەستی پێ دەکەی . ئایا دوای هەموو ئەمانە دوو دڵی لە هاوڕێ یەتیان ؟! نەخێر باسەکە لێرە بە کۆتایی ناگات .

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ـ کە باشترین و خواپەرسترینی هەموو مرۆڤە ـ فەرموویەتی : [ واصبِر نفْسك مع الذِين يدعونَ ربهم ِبالْغداةِ والْعشِي يرِيدونَ وجهه ولَا تعد عيناك عنهم ﴾ ( سورة الكهف : ٢٨ ) .

واتە : ئەم ئایەتە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت کە لە گەڵ ئەوانەدا بێت کە بەیانان و ئێواران زیکری خوای پەروەردگار دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە ، مەبەستیشیان لە هەموو ئەوەدا ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە و هیچی تر ، چاو مەبڕە کەسی تر جگە لەوان .

وە پێشەوا بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەخشندەترین کەس بووە بۆ خێر و چاکە کردن ، بە تایبەتیش مانگی ڕەمەزان لە کاتی گەشتنی بە جبریل ـ علیه السلام ـ ها دەبینیت کە خودی پێغەمبەر ـ لە جیاتی باوك و دایکم بێت ـ ﷺ چۆن سودی لە هاوڕێی چاك وەرگرتووە ، چ جای من و تۆ ؟ نەخێر باسەکە لێرەشدا بە کۆتایی ناگات .

تۆ کاتێك هاوڕێیەتی ئەوانە دەکەیت و هەڵیان دەبژێری بەسەر خەڵکانی تردا ، ئەوا هەرکاتێك و بەتایبەتیش لە کاتی تەنهای نەفسی بەدکارت بانگت دەکات بۆ کاری خراپە و تاوان ، لەو کاتەدا ئەوەت دێتەوە یاد و هەست بە شەرم دەکەیت کە ئەو تاوانە ئەنجام بدەیت و دواتریش لە گەڵ ئەو هاوڕێ بەڕێزانە کۆ ببیتەوە و لە گەڵیاندا دابنیشیت ، تەنانەت کە توشی تاوانێك بووی ئەوا لە کاتی بینینی ئەواندا نەفسی خۆت بەشێوەیەکی توند سەر زەنشتت دەکات و پێت دەڵێت : چۆن لە پەنهانی دا ئەوەت کرد ، تۆ لە کوێ و ئەم هاوڕێیانەت لە کوێ ؟ باسەکە لێرەشدا هەر بە کۆتایی ناگات .

لە مانەش سەخت تر لە وێیە کە لە ڕۆژی ڕاچڵەکانی گەورە ، لە ڕۆژی دوایدا ، ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی لە برا و دایك ڕادەکات ، و خۆی دەشارێتەوە و خزمایەتی نامێنێت و پەیوەندیەکانی ئەم دونیایە هەمووی دەپچڕێ ، هەروەك خوای گەورە لە وەسفی ئەو ڕۆژە سەختەدا دەفەرموویێت : ﴿ ويوم يعض الظَالِم علَى يديهِ يقُولُ يا لَيتنِي اتخذْت مع الرسول سبِيلًا يا ويلَتى لَيتنِي لَم أَتخِذْ فُلَانا خلِيلًا﴾ ( سورة الفرقان : ٢٧ ـ ٢٨ ) .

واتە : ڕۆژێك دێت کە بێباوەڕان دەستەکانی خۆیان بگەستن لە پەشیمانیدا ، و بڵێن : خۆزگە هەمان ڕێگەو ڕێبازی پێغەمبەرم بگرتبایەتە بەر ، خۆزگە فلان کەسم نەکردبایەتە هاوەڵ و شوێنی نەکەوتمایە .

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿إِذْ تبرأَ الذِين اتبِعوا مِن الذِين اتبعوا ورأَوا الْعذَاب وتقَطعت ِبهِم الأَسباب ﴾ ( سورة البقرة : ١٦٦ ) .

واتە : لە ڕۆژی دوایدا شوێنکەوتوان تەبەڕای خۆیان دەردەبڕن لە شوێنکەوتوانیان ، و هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی یان دۆستایەتیان یان هەر پەیوەندیەکی تریان لە نێوانیاندا نامێنێت .

بەڵام تۆ کاتێك هاوڕێتی چاکە کاران دەکەیت بە وویستی خوای پەروەردگار لەو کۆمەڵە دەبیت کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموویێت : ﴿ الْأَخِلَّاء يومئِذٍ بعضهم ِلبعضٍ عدو ِإلَّا الْمتقِين ﴾ ( سورة الزخرف : ٦٧ ) .

واتە : هاوڕێ و دۆستانی دونیا ، لەو ڕۆژەدا هەموو دوژمنی یەکن جگە لە خۆپارێزەران و لە خوا ترسان نەبێت .

وە لەوانە دەبیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەیان فەرموویەت : " **سبعة يظلهم الله في ظله ، يوم لا ظل إلا ظلـه ... ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه** " [٢٤] .

واتە : حەوت کەس و کۆمەڵ هەن لە ڕۆژی دواییدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوای پەروەردگارن ، لە ڕۆژێکدا کە جگە لە سێبەری عەرشی خوا نەبێت هیچ سێبەرێکی تر نی یە .... ، لە وانە دوو کەس کە لە بەر خوای پەروەردگار یەکتریان خۆش بووێت ، هەر لە سەر ئەوە کۆ ببنەوە و لە یەکتر جیا ببنەوە.

---

[٢٤] البخاري برقم : ( ١٤٢٣ ) ، ومسلم برقم : ( ١٠٣١ ) ، والترمذي برقم : (٢٣٩٢) ، والنسائي برقم : ( ٥٣٨٠ ) .

**( ٨ ) پارانەوە چەکی ئیماندارە :**

بە ڕاستی نزا و پاڕانەوە ( **الدعاء** ) چەکێکە هەرگیز بێ هیوات ناکات لە کاتی تەنگانەدا ، و هەموو بەندەیەکی خوای پەروەردگار دەتوانێ هەڵی بگرێ بۆ کاتە ناخۆش و سەختەکان ، خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ وقَـالَ ربكُـم ادعُـوني أَستجِب لَكُم إِن الذِين يستكْبِرونَ عن عِبادتِي سيدخلُونَ جهنم داخِرِين ﴾ ( سورة غافر : ٦٠ ) .

واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی : لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە، ئەوەشتان فیززلی و تەکەبور بیگرێت لەو پەرستشەی مندا ، ئەوا بە سەر شۆڕی و زەلیلی دەیخەمە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

بەڵام ئەو کەسەی کە تەنگی پێهەڵچنراوە لە کارێکدا ئەوە شتێکی ترە و شایەستەترە بەوەی کە وەڵام بدرێتەوە ، خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ أَمن يجِيب الْمضطَر إِذَا دعاه ويكْشِف السوءَ ويجعلُكُم خلَفَاءَ الْأَرضِ أَإِلَه مع اللهِ قَلِيلًا ما تذَكَّرونَ﴾ (سورة النمل : ٦٢) .

واتە : کێ دەچێت بە هانای کەسێکی پێویست بوو بە یارمەتی ، ئەگەر هاواری تێبکات ؟! و خراپەی لە سەر هەڵدەگرێت و واشتان لێ دەکات کە یەك جێگری یەکتر بن ! ! ئایا هیچ پەرستراوێکی تر لە گەڵ خوادا هەیە ؟ باشە بۆ بیرناکەنەوە ؟!

وە ئەمەش کە دێت پەیمانی پێغەمبەرەکەتە ﷺ کە بەو پەڕی دڵنیای یەوە بڕوات بە فەرموودەکانی هەیە ، وە ئەوەشمان بە تۆوە نەبینیوە کە هیچ گومانێکت بەرامبەربە ووتەکانی هەبوو بێت ، جا برام گوێبیستی یەکێك لە فەرموودەکانی بە کە دەفەرموویێت: **" ما على الأرض مسلم يدعو الله بدعوة إلا آتاه الله إياها أو صرف عنه من السوء مثلها "** [٢٥] .

واتە : هیچ موسڵمانێك نییە لە سەر زەوی لە خوای پەروەردگار بپاڕێتەوە ، هەر پاڕانەوەیەك بێت ، ئیللا خوای پەروەردگار پێی دەبەخشێت ، یان خراپەیەك ئەوەندەی پاڕانەوەکەی لێ لادەدات .

دەی ئایا پێغەمبەرانی خوا ـ عليهم السلام ـ سەرمەشق ، و چاو لێکەر و ڕابەری چاکە نین بۆ تۆ ؟! ئەوەتا یوسف ـ عليه السلام ـ لە تەمەنی لاوێتیدا تووشی تاقیکردنەوە دێت ، و دەستی ملکەچی و پاڕانەوەی بۆ لای خوای گەورە بەرز دەکاتەوە و دەفەرموویێت : ﴿ قَالَ رب السجن أَحب إِلَي مِما يدعونني إِلَيه وإِلا تصرِف عني كَيدهن أَصب إِلَيهِن وأَكُـن مـن الْجاهِلِين ﴾ [يوسف : ٣٣].

واتە : ئەی پەروەردگارم بەندیخانە ، و زیندانم زۆر لا خۆشەویسترە لە کرداری داوێن پیسی و زیناکردن کە بانگەشەم دەکەن بۆ لای ، جا ئەگەر تۆ فێڵ و تەڵەکەیانم لێ دور نەخەیتەوە ، مەیلم بۆ لایان دەچێت ، ئەو کاتە لە نەفامان دەبم.

ئایا دەزانی ئاکام چی بوو ؟ ئەم ئایەتەی دواتر لە گەڵمدا بخوێنینەوە کە خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿ فَاستجاب لَه ربه فَصرف عنه كَيدهن إِنه هو السمِيع الْعلِيم ﴾( سورة يوسف: ٣٤ )

واتە : خوای پەروەردگار پاڕانەوە و دوعاکەی وەڵام دایەوە و فێڵ و تەڵەکەیانی لێ دور خستەوە ، خوای پەوەردگاریش بیسەر و زانایە بە هەموو شتێك .

جا برام ، ئایا تۆ پاڕانەوەت تاقیکردۆتەوە ؟ وە یان ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆ دەستی ملکەچیت بۆ لای خوای گەورە بەرز کردۆتەوە؟ بۆ ئەوەی لە خراپە و سەرشۆڕی بتپارێزێت و لە تاوان لات بدات؟

---

[٢٥] رواه أحمد ( ٥ / ٣٢٩ ) ، والترمذي برقم : ( ٣٥٦٨ ) . وقال العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي : حسن صحيح ، برقم : ( ٣٥٧٣ ) .

بۆیە **برای لاوم** ، بە دڵێکی پاك و ملکەچیەوە لە خوای گەورە بپاڕێوە و هیچ پەلەیشت نەبێت لە وەڵامدانەوەی پاڕانەوەکەت .

**( ٩ ) ئایا هیچت سەبارەت ئافرەتانی بەهەشت بیستووە ؟**

خوای گەورە لە بەهەشتدا ئەوەی کە بۆ ئیماندارانی ئامادە کردووە نەچاو بینیویەتی و نەش گوێ دەربارەی بیستوویەتی ، نەش بە خەیاڵی و دڵی کەسیشدا هاتووە ، یەکێك لەو بەخشش و خۆشیانەش بریتیە لە ئافرەتانی بەهەشت ، کە مرۆڤ هەرچەندە ڕەوانبێژ و قسەزان بێت ناتوانێ وەسفی جوانیان بکات ، خوای گەورە لە وەسفیاندا دەفەرمووێت : [ ﴿إِنا أَنشأْناهن إِنشاء فَجعلْناهن أَبكارا عربا أَترابا لأَصحابِ الْيمِينِ﴾ ( سورة الواقعة : ٣٥ ـ ٣٨ ) .

واتە : ئێمە ئەو حوریانەمان دروست کردووە و کردوومن بە کچی عازەب ، خۆشەویستن لە لای مێردەکانیان و هەموو هاو تەمەنی یەکن ، دانراون بۆ ئەوانەی کە کتێبی کردەوەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان.

هەروەها دەفەرمووێت : ﴿فِيهِن قَاصِرات الطرفِ لَم يطْمِثْهن إِنس قَبلَهم ولَا جان فَبِأَي آلَاء ربكُما تكَذبانِ كَأَنهن الْياقُوت والْمرجانُ﴾ ( سورة الرحمن : ٥٦ ـ ٥٨ ) .

واتە : ئافرەتێلێکی وا هەن لە ئافرەتانی بەهەشت ، کە تەنها چاو دەبڕنە مێردەکانیان و بەس ، ئەو ئافرەتانە نە مرۆڤ و نە جنۆکەش نزیکیان نەکەوتوونەتەوە و جوت نەبون لە گەڵیاندا ، جا چ نیعمەت و بەخششێکی خوای پەروەردگار بە درۆوە دەخەن ! ! ئەو ئافرەتانە هەر وەکو یاقوت ، و مەرجان وان لە جوانی و ناسکیدا .

هەروەها (**أنس**) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" لغدوة في سبيل الله ، أو روحة خير من الدنيا وما فيها ، ولقاب قوس أحدكم في الجنة خير من الدنيا وما فيها ، ولو اطلعت امرأة من نساء أهل الجنة إلى الأرض ، لملأت ما بينهما ريحا ، و لنصيفها على رأسها خير من الدنيا وما فيها " (٢٦) .**

واتە : ئەگەر کەسێك لە کاتی بەرە بەیانیان تاکو نیوەڕۆ ، یان لە کاتی دوای نیوەڕۆ تاکو خۆر ئاوا دەرچێت بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار ، ئەوە ئەو کردەوەیەیی خێرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی ، وە جێگەیەك لە بەهەشتدا ئەوەندەی تیروکەوانی یەکێکتان ، خێرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی ، وە ئەگەر یەکێك لە ئافرەتانی ئەهلی بەهەشت دەرکەوێت لە سەر زەوی ، سەر زەوی هەموو بۆن خۆش دەکات و ئەو پارچە قوماشەش کە دەیدات بە سەریدا خێرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی.

هەروەها ( **أبو هريرة** ) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" أول زمرة يدخلون الجنة على صورة القمر ليلة البدر ، و اللتي تليها على أضوأ كوكب دري في السماء ، و لكل امريء منهم زوجتان اثنان يرى مخ سوقهما من وراء اللحم ، وما في الجنة أعزب " (٢٧) .**

واتە : یەکەم کۆمەڵێك کە دەچنە بەهەشتەوە لە سەر شێوەی مانگی چواردە دەبن ، ئەو کۆمەڵەی کە دوای ئەوان دێن لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەی ئاسمان دەبن ، وە هەریەکەیەکیشیان دوو هاوسەری دەبێت لە بەهەشتدا ، مۆخی ناو ئێسقانەکانیان لە ناو گۆشتدا دیارە ، لە بەهەشتدا کوڕ و کچی عازەب نی یە ، بەڵکو هەموو ژندار و خاوەن مێردن .

(٢٦) البخاري برقم : ( ٢٧٩٦ ) .

(٢٧) البخاري برقم : ( ٣٢٤٥ ) ، و مسلم برقم : ( ٢٨٣٤ ) .

دیسان ( **سعید** ) ی کوڕی ( **عامر** ) ﷺ دەگێڕێتەوە ، و دەفەرمووێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ فەرمویّ : " **لو أن امرأة من نساء أهل الجنة أشرفت إلى الأرض ، لملأت الأرض ريح مسك و لأذهبت ضوء الشمس والقمر** " [٢٨] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئافرەتانی ئەهلی بەهەشت دەرکەوێت لە سەر زەوی ، سەر زەوی هەموو بۆن خۆش دەکات بە بۆنی میسك ، و ڕووناکی خۆر و مانگ کەم دەکاتەوە .

بۆیە برام ئەگەر توانیت ، بەراوردێك بکە لە نێوان ئەو خۆشیە نەبڕاوە و کۆتای نەهاتووە ، لە گەڵ چێژە خێرا بەسەر چووەکانی ئەم دونیایە کە بێ گومان ئاکامی پەشیمانی و ناڕەحەتییە ، بۆیە کاتێك تۆ خۆت لەو ئارەزووە زوو بەسەرچووانە دەپارێزیت ، ئەوا بەویستی خوای میهرەبان ئەو خۆشیە نەبڕاوەیە دەچێژیت ، بۆیە بەڕاستی بیری ئەو نیعمەتە هەتاهەتاییە بکەوە ، و بەراوردێك بکە لە نێوان ئەم دووکارە کە بێ گومان خاوەن ژیرییەکی ئەوتۆی کە بانگت بکات بۆ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا و ڕێبازیان .

### ( ١٠ ) ئایا حەز ناکەی لەو کۆمەڵە بیت ؟

برا خۆشەویستەکەم ئایا تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ووتەیەی خوای گەورەت خوێندوەتەوە کە لە وەسفی ئیمانداراندا دەفەرمووێت : ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ .... أُولَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ ( سورة المؤمنون : ١ ـ ١١ ) .

واتە : بە ڕاستی باوەڕداران سەرفراز و سەرکەوتوون لە ڕۆژی دواییدا ، ئەوانەی کە دڵکزیان ( الخشوع ) هەیە لە نوێژەکانیاندا ، و خۆشیان دەپارێزن و پشت لە قسەی پڕوپوچ دەکەن ، و زەکاتی ماڵ و سامانیان دەدەن بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار لە سەری پێویست کردوون ، وە ئەوانەی کە عەورەتیان دەپارێزن لە داوێن پیسی و زیناکردن و جووت بوونی حەرام ، جگە لە جووت بوون نەبێت لە گەڵ خێزانەکانیان و ئەو ئافرەتانەش کە بۆیان حەڵاڵن لە کەنیزەك ، ئەوەش هیچ لۆمەیێکیان ناهێنێتە سەر چونکە حەڵاڵی خۆیانن ، .... ، ئەوانەن کە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردگار دەبەنەوە ، و بە هەتا هەتایی نیشتە جێی فیردەوس دەبن .

ئایا حەزناکەی لەوانە بیت ؟ بێ گومان بەڵێ ، بۆیە دەبێ خێرا بکەی لەوەی کە سیفاتەکانیان وەربگریت ، لەوانەش پاراستنی عەورەتت لەو شتانەی کەخوای گەورە قەدەغەی کردوون لە سەرت .

گوێت شلکە بۆم بۆ ئەوەی نمونەیەکی ترت بۆ بگێڕمەوە :

گەنجێکە دوور لە ماڵی خۆی دەژیت ، بەڵکو لە ماڵێکی پابەند نەبوو بە ئەحکامەکانی شەرع ، و لە لای ژنێکی خاوەن پلەو پایە و جوانی ، ڕۆژێکیان ئەم ژنە داوا لە گەنجەکە دەکات بۆ ئەوەی داوێن پیسی لە گەڵدا بکات ، بە شێوەیەك کەس نەیانی دەبینی وە ئافرەتەکە هەڕەشەی لێ کرد کە دەبێ ئەو کارەی لە گەڵدا بکات ، لە گەڵ هەموو ئەمانەش گەنجەکە وەڵامی دایەوە و ووتی :

﴿ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ ﴾ (سورة يوسف : ٢٣ ) .

واتە : پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگار لەو داواکاریەت ، چونکە مێردەکەی تۆ سەروەر و گەورە و بە خێوکارمە و ڕێزی لێ ناوم ، ئیستا چۆن من دێم خیانەتی لێ بکەم ، ئەو کارەش کە تۆ داوام لێ دەکەی ستەمە ، و ئەو کەسەش کە ستەم بکات هەرگیز ڕزگاری نابێت .

---

[٢٨] رواه الطبراني ، وضعفه العلامة الألباني في السلسلة الضعيفة برقم : ( ٤٣٤٧ ) .

ناسيتەوە ئەو گەنجە كێيە ؟ گومانم لەوەدا نىيە كە ناسيتەوە . باشە پێتخۆشنيە چاو لەو پێغەمبەرە بەڕێزەى خوا بكەيت و بيكەيتە سەرمەشق و ڕابەڕى خۆت ؟

وە نموونەيەكى تريش هەيە كە لەوانەيە بە سەرتدا ڕاست ببێتەوە ، لە ڕۆژى دوايى لەو كاتەى كە خۆر نزيك دەبێتەوە لە خەڵكى بە ئەندازەى ميلێك ، و خەڵكيش بە ئەندازەى تاوانەكانيان نوقمى ئارەقيان دەبن ، كەچى لێرە و لەم ديمەنە ناخۆشە كەسانێك هەن كە خواى گەورە دەيانخاتە ژێر سێبەرى عەرشى خۆيەوە كە يەكێكيان : **" شاب نشأ في طاعة الله "** ، واتە : لاوێك لە ناو ديندارىدا پەروەردە بوو بێت . وە تۆش براى لاوم لە وانەيە يەكێك بيت لەوانە كاتێك كە سنورى داواكاريەكانى خواى گەورە دەپارێزێت .

**( ١١ ) بێ ئوميد مەبە :**

**براى لاوم** : تۆ لەوانەيە لەو كەسانە بيت كە لە ڕابردوودا خراپەت كردبێ ، و كەوتبيتە داوى شەيتانەوە ، ئەوەش بە هۆى ئەوەوە بووە كە نەفسى بەدكارت بانگى كردبێت بۆ ئەنجامدانى تاوانێك ، ئەمە نابێ وات لێ بكات كە تووشى بێ ئوميدى و ناڕەحەتى بيت ، وە باش بزانە هەرچيت كردبێ ئەگەر بەڕاستى گەڕايتەوە و تەوبەت كرد ، ئەوا خواى گەورە وەرى دەگرێت و تاوانەكات دەسڕێتەوە ، و نايانهێڵێت ، خواى گەورە دەفەرمووێت : ﴿ قُلْ يا عِبادِي الَّذِين أَسْرفُوا علَى أَنفُسِهِم لَا تقْنطُوا مِن رحمةِ اللهِ إِن الله يغفِر الذنوب جمِيعاً إِنه هو الْغفُور الرحِيم ﴾
( سورة الزمر : ٥٣ ) .

واتە : بڵێ بەو بەندانەم كە تاوانيان كردووە و ستەميان لە خۆيان كردووە ، بێئوميد نەبن لە ڕەحمەتى خواى پەروەردگار ، خواى پەروەردگار لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێت و لێبووردە و بە بەزيى يە بەرامبەر بە بەندەكانى .

## بۆ هەموو باوك و دايك و مامۆستايەك :

لەوانەيە دوركەوتنەوەى ئێوە لە تەمەنى لاوێتى هەندێك لەوەى لە بيرتان برد بێتنەوە كە بەسەر گەنج دا دێت لەو قۆناغە سەختەدا لە فێڵ و تەڵەكەى شەيتان ، وە لەوانەيشە لە ماوەى ڕابردووا هەستان بە مەترسيەك نەكردبێت بۆ سەر ڕۆڵەكانتان ، جا ئەوەتان بير دەخەمەوە ـ هەرچەندە من كەسێك نيم ئامۆژگارى ئێوە بكەم ـ خواى پەروەردگار من و ئێوەش بپارێزێت ـ كە بير لەو فەرموودەيەى پێغەمبەرى خوا بكەنەوە ﷺ كە دەفەرمووێت : **" كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته ، فالرجل راع على أهل بيته و مسؤول عن رعيته ... "** [٢٩] .

واتە : هەمووتان كاربەدەستن ، و هەمووشتان بەر پرسيارن لە ژێردەستەكەتان ، پياو كاربەدەستە بە سەر ئەهل و بەيت و ماڵەكەيدا ، و بەر پرسيارە لە ژێر دەستەكەى .

وە پێش ئەوەش بير لەووتەى خواى گەورە بكەنەوە كە دەفەرمووێت : ﴿ يا أَيها الَّذِين آمنوا قُوا أَنفُسكُم وأَهلِيكُم نـاراً وقُودها الناس والْحِجارةُ علَيها ملَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِداد لَا يعصونَ الله ما أَمرهم ويفْعلُونَ ما يؤمرونَ ﴾ ( سورة التحريم : ٦ ) .

واتە : ئەى ئەو كەسانەى كە باوەڕتان هێناوە ، خۆتان و كەسو كاريشتان بپارێزن لە ئاگرێك كە سووتەمەنيەكەى بەرد و خەڵكە ، و فريشتەيێڵێكى توڕە و توونـد و تيژى بەسەرەوەيە ، كە هەرگيز سەرپێچى خواى پەروەردگار ناكەن ئەگەر بە هەرچى فەرمانيان پێ بكات ، و تەنها فرمانى ئەو بەجێ دێنن .

[٢٩] البخاري برقم : ( ٧١٣٨ ) ، و مسلم برقم : ( ١٨٢٩ ) ، والترمذي برقم : ( ١٧٠٥ ) ، و أبو داود برقم : ( ٢٩٢٨ ) .

له یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی که ڕۆژنامەی ( **الانباء** ) ی کویتی ئەنجام داوە ، یەکێك لە توشبوان بە نەخۆشی جگەرە کێشان دەڵێت : ((**بەڕاستی ئێمە باوك و دایکمان بە بەر پرسیاری یەکەم دادەنێین : چونکە من ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکم لێ ی نە پرسیوم کە بۆ کوێ دەچم و لە گەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەم ؟!!**)) .

وە هەروەها یەکێك لەو گەنجانەی کە گەڕاوەتەوە ( **دار الملاحظة** ) لە ( **ریاض** ) دوای دەرچوونی لێی ، باوکی خۆی تاوان بار دەکات و دەڵێت : (( **باوکم گوێ بەوە نادات کە من فەرزو واجباتە دینیەکان ئەنجام دەدەم یان نە !! وەك : نوێژو ، و ڕۆژوو ، و ئەمر کردن بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە ... وە ئەگەر باوکم منی بە شێوەیەکی ئیسلامیانە و پاك پەروەردە بکردایە ئەوا ئەو پەروەردەیە بۆ من ئەبوو بە قەڵغانێك بەرامبەر بە شەیتان و فڕو فێڵەکانی ... هەر بۆیە من لایەنی دینیم لا لاواز بووبوو ، وە دوچاری لە ڕێ لادان هاتبووم ، جارێکی تریش گەڕامەوە بۆ ئەم خانەیە** )) [٣٠] .

**وە ئیستاش ڕێگەی ئەوەم بدەن کە چەند پێشنیارێکتان ئاراستە بکەم :**

**١** / ڕێککەوتین لە سەر ئەوەی کە ئیمان وەك قەڵا و پارێزەرێك وایە لە تاوان ، بۆیە ـ خوای پەروەردگار من و ئێوەش سەرکەوتوو بکات ـ سوربن لە سەر ئەوەی کە لە دڵی ڕۆڵەکانتاندا بیڕوێنن ، و پەروەردەیان بکەن لە سەر خۆشەویستی خوای گەورە و پێغەمبەرە ئازیزەکەی ﷺ .

**٢** / وە ڕێکەوتین لە سەر داخستنی ئەو دەرگایانەی کە سەر دەکێشن بۆ تاوان ، بۆیە ـ خوای پەروەردگار بتپارێزێت ـ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدە دەربارەی ئامێرەکانی ڤیدیو تەلەفزیون و گۆڤارە ڕەوشت ڕوخێنەر و ئارەزوو وورووژێنەرەکان.

**٣** / بە ڕاستی ـ جێی داخە ـ ئەو شتەی کە گەنج دەیبینێ لە لای هاوڕێ خراپەکانی وەك پێکەنین و ڕوو خۆشی و گاڵتە و گەپ ، بۆیە تۆش کەش و هەوای ماڵەوە بگۆڕە بۆ پەیوەندیەکی برادەریانە نەك بیکەی بە سەربازیانە ، وە بەشێك لەو بزە و پێکەنینەتان کە پێشوازی هاوڕێکانتانی پێ دەکەن بگوێزنەوە بۆ ڕۆڵەکانی خۆتان ، و هەندێ لە گاڵتە و گەپەکانتان لە گەڵ هاوەڵانتان بگوێزنەوە بۆ جگەر گۆشەکانتان .

**٤** / باوکی بەڕێز .. مامۆستا و دایکی بەسۆز : ئایە پێتان وایە کە ڕۆڵەکانتان کاتێك بە دەست گرفتێکەوە بناڵێنن ، دین بۆ لاتان و سنگی خۆیان بۆتان دەکەنەوە و باسی گرفتەکانیان بۆتان دەکەن ؟! ، ئەی باشە ئێوە بۆ هەوڵی لابردنی ئەو پەردەیەی نێوانتان نادەن کە بووەتە ڕێگر ، و فێری ڕۆڵەکانتان بکەن کە کراوە بن لە خستنە ڕووی گرفتەکانیان لە گەڵتاندا .

**٥** / وریابە لە خۆشباوەری و باوەڕ پێبونێکی کوێرانە ، ببورە من پێت ناڵێم کە گومانی خراپ ببەی بە کوڕەکەت ، بەڵام پێویستە ئەوە بزانی کە تۆ دوایین کەسی کە کوڕەکەت دەیەوێ شارەزای حاڵی بیت ، ئەگەر خراپ بوو ، بۆیە ئەو شتانەت لێ بشارێتەوە و شتێکت پیشان بدات کە لە ڕاستیدا وا نییە .

**٦** / لە وانەیە ئەوەت لە بیر نەچووبێتەوە کە ئێمە ئامۆژگاری ڕۆڵەکەتمان کرد بە هاوڕێ چاك ، بۆیە تۆ یارمتی دری بە لەو کارەی و کارئاسنی بۆ بکە ، و بە دوای هاوڕی چاکدا بگەڕێ بۆی ، وە ئەوەش بزانە کە ئەگەر ڕۆڵەکەت هاوڕی چاکی نەبوو ئەوا بێ گومان هاوڕێیەتی کەسی خراپ دەکات ، بۆیە کامیان بە باش دەزانی ئەوە هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵەکەت .

---

[٣٠] گۆڤاری ( **دارالملاحضة** ) ژمارە : ( ٣ ) لاپەڕە ( ٥١ – ٥٢ ) .

**٧** / ئەگەر جارێکیش بۆت دەرکەوت کە کورەکەت شتێکی لە جۆرەی تووشبووە ، ئەوا وریابە لە پەلەکردن و زوو هەڵچونت ، چونکە سەرەڕای ترسناکی ئەو کارە ، بەڵام پێویستی بە چارەسەرێکی ژیرانە و دارێژراو هەیە پێش ئەوەی بە یەکجاری کوڕەکەت لە دەست بدەی ، وە پێشت وانەبێ کە قسەی ناشرین پێکردن و لێدان ، ئەوەی کە چەنای چەند ساڵ پشتگوێخستنت بۆ چارەسەر دەکات ، و لەوانەشە باشترین کەسیك کە یارمەتیت بدات مامۆستایەکە کە بڕوات پێی هەبێ ، یان پێشنوێژی مزگەوتێك ، یان کەسانی هاوشێوەی ئەمانە ، وە هیچی تێدا نییە کە باسی گرفتەکەی خۆتتیان بۆ بکەی بەڵکو یارمەتیت بدەن .

**٨** / وە ئەگەر کوڕەکەت یان کچەکەت پێگەیشت ، و کاتی خۆی هاتە پێشەوە ، چی وات لێ دەکات کە ئامۆژگاریەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێ جێبەجێ نکەیت ، کە فەرموویەتی :" ئەی کوڕانی گەنج هەر کام لە ئێوە توانای هەبوو با ژن بهێنێت"؟

**باوکانی بەڕێز ، و مامۆستایانی دڵسۆز ، و دایکانی بە سۆز :**

بە ئەرك نەبێ جاریکی تر ئەم پێشنیارانە بخوێننەوە ـ وەك فرمانێك ئەمە ناڵێم ـ و لێی تێبگە و بیری لێ بکەوە ، خوای گەورە یارمەتی من و ئێوەش بدات بۆ پاراستنی ئەو ئەمانەتەی دراوە بەسەرماندا .

**باوکان و لاوانی بەڕێزم :** ئەمە ئەوە بوو کە پێم خۆش بوو بیخەمە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست ، هەرچەندە بەرهەمێکی کەمە ، و بە پێویستی دەزانم لە سەر خۆم بەرامبەر بە ئێوەی بەڕێز ، بە هیوای ئەوەی کە شتێکی سوود بەخشم پێشکەش کردبێتن و هیواداریشم لە تێبینی‌یەکانی خۆتان بێ بەشم نەکەن ، داواکاریشم ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ لە دووعای چاکەی خۆتان بێ بەشم نەکەن .

محمد بن عبدالله الدويش

وآخِر دعوانا أن الْحمد ِللّٰهِ رب الْعالَمِين

www.ba8.org